تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5788) یەک شەممە 14ی تەموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کەرکووک هەیە ناکرێ بەردەوام بێت

سەرۆک بارزانی: هیچ مساوەمەیەک لەسەر کوردستانییوونی ناسنامەی کەرکووک ناکەین

پێویستە کێشەکانی کەرکووک بە پارێزگاریشەوە سەرەتا لە نێوان هەولێر و بەغدا یەکلایی بکرێتەوە



دوێنێ شەممە 2019/7/13 سەرۆک بارزانی لەبارەی دواپێن پێشهاتەکانی کەرکووک لە پەیامێکدا رایگەیاند "ئێستا کەشێکی ئیجابی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و ئەوەیش دەرفەتێکی زۆر باشە کە بە سوودوەرگرتن لەو کەشە ئیجابییە گرفتە ئەمنی و ئیدارییەکانی کەرکووکیش چارەسەر ببێت و لە چوارچێوەی دەستووردا کەرکووک بگەڕێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. چونکە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کەرکووک هەیە ناکرێ بەردەوام بێت". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامێک لە سەرۆک بارزانییەوە بۆ ڕای گشتی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

کێشەی کەرکووک تەنیا گرفتی سیاسیی نێوان دوو حزب یان مللانێی سیاسیی نێوان چەند لایەن نییە، لە ڕاستیدا کێشەی کەرکووک بابەتێکی میژوویی و سیاسی و کۆنە لە هەمانکاتیشدا فرەڕەهەند و گەورەیە.

بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی بەسەر کەرکووکدا هاتووە و، لەبەر پێویستیی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی و ئیداریی شارەکە و خزمەتکردنی خەڵکی کەرکووک و هەروەها چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ڕێککەوتن و هاوڕایی لایەنە کوردییەکان، هەنگاوێکی گرنگە بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە کێشەکانی کەرکووک بە پارێزگاریشەوە سەرەتا لە نێوان هەولێر و بەغدا یەکلایی بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت، هەر ئەنجامێکیش کە هەبێت دەبێ جێگەی ڕەزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک بێت.

ئێستا کەشێکی ئیجابی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و ئەوەیش دەرفەتێکی زۆر باشە کە بە سوودوەرگرتن لەو کەشە ئیجابییە گرفتە ئەمنی و ئیدارییەکانی کەرکووکیش چارەسەر ببێت و لە چوارچێوەی دەستووردا کەرکووک بگەڕێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. چونکە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کەرکووک هەیە ناکرێ بەردەوام بێت.

ئێمە ئێستا و پێشتریش ڕامان وا بووە کە هیچ مساوەمەیەک لەسەر کوردستانییوونی ناسنامەی کەرکووک ناکەین و دەبێ کەرکووک ببێتە نموونەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و هەموو پێکهاتەکان بتوانن بە ئاشتی و برایەتی و تەبایی لە کەرکووکدا لەگەڵ یەکتر بژین.

مسعود بارزانی
13ی7ی2019



پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەڕەنسا دیرۆکی و مێژوویین

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی سەقامگیری لە ناوچەکە دەمێنێتەوە

لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ پاریسی پایتەختی فەڕەنسا، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/11 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیدارێکی لەگەڵ ڕەوەندی کورد و دۆستانی کورد و کوردستان لە پاریس ئەنجامدا. لە دیدارەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد. **(دەقی وتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ل3 بخوێنەوە)**



مەحمود عوسمان:

شۆڤێنییەتی کۆنی عەرەبی ناتوانێت خۆی بەسەر کەرکووکدا فەرز بکات

مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد رایگەیاندووە، پەیامەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی لەبارەی کەرکووکەوە «زۆر باش بوو و لەجێگای خۆی بوو، کەرکووک پێویستی بە گفتوگۆیە لەگەڵ بەغدا و ناکرێ ڕەوشی ئەو شارە خراپ بکرێت». **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی: زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی دەستەبەر دەکەین

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی کرد لە شاندێکی بالآی باڵیۆزخانەی تورکیا لە عێراق بە سەرۆکایەتی باڵیۆز فاتیح یلدز.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە گرنگی هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان دا بە شێوەیەک کە بایەخ بە کەرتەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی وگەشتوگوزاریش بدرێت و داهاتی کوردستان تەنیا یەک سەرچاوە نەبێت . گوتیشی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی دەستەبەر دەکەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە هونەرمەند ئەنوەر شێخانی دەکات

دوێنێ شەممە 13ی7ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە هونەرمەندی ناسراوی کورد ئەنوەر شێخانی کرد. لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ ڕۆڵی ئەنوەر شێخانی هەبوو لە بواری پێشڤەبردنی هونەر و فەرهەنگ و دەستخۆشی لێ کرد کە لە سالآنی ڕابردوو ماندوونەناسانە و بە ڕۆحێکی نیشتیمانپەروەرانە خزمەتی هونەری کوردستانی کردووە. هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی هیوای تەندروستی و تەمەندرێژی بۆ هونەرمەند ئەنوەر شێخانی خواست.



خەبات

بەدواداچوون بۆ بەستانی پێوەری زیرەک-ی کارەبا دەکات

ماوەیەکە وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبای ماڵانە بۆ ئەوەی چیتر کارەبا بەفیڕۆ نەڕوات، دوای جێبەجێ کردنی پلانەکە لەلایەن وەزارەتی کارەبا دەست کرا بە دانانی پێوەری زیرەکی کارەبای ماڵان و لە ئێستاشدا لەلایەن تیمەکانی بەستانی پێوەری زیرەک کارەکان بەئەنجام گەیشتن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

بڕیارە بەمزووانە کورد پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە

ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی گوتی، دوای دەستنیشانکردنی کاندید بۆ پارێزگاری کەرکووک، لیژنەیەک لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست کراوە و بڕیارە بە زووترین کات دەست بە کۆبوونەوە بکات لەگەڵ پێکهاتەکان و حکوومەتی عێراقدا، بۆ ئەوەی کورد پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دەبێ شۆڤێنییەکان بە پێکەوەژیانی کەرکووک ڕازی بن

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، شۆڤێنییەکان هەوڵیان دا ناوچەکە بە تاکڕەوی بەڕێوە ببەن و کوردستانییوونی بگۆڕن، بەڵام پێیان نەکرا.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)





لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا، هاووڵاتیان ڕوو لە چەم و ڕووبار و مەلەوانگەکان دەکەن

(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)

پەیامی پیرۆزبایی بەرهەم سالّح، سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدرالّ بۆ مەسرور بارزانی


بەبۆنەی متمانەدانی پەرلەمان بە پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکوومەت، بەرهەم سالّح، سەرۆک کۆماری عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، وێڕای پیرۆزبایی کردن، سەرۆک کۆماری عێراق پالّپشتیی و هاوکاریی خۆی بۆ مەسرور بارزانی و کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی. هەروەها بەرهەم سالّح هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست وەک سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

مەحمود عوسمان: پەیامەکەی کاک مەسعود لەبارەی کەرکووک زۆر باش بوو

شۆڤێنیەتی کۆنی عەرەبی ناتوانێت خۆی بەسەر کەرکووکدا فەرز بکات



سیاسەتمەدارێکی کورد پەیامەکەی سەرۆک بارزانی لەبارەی رەشی کەرکووک، بە گرنگ دادەنێت و رایدەگەیەنێت، ناکرێ رەوشی ئەو شارە خراپ بکرێت. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد بە باسنیوزی راگەیاندووە، پەیامەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی لەبارەی کەرکووکەوە «زۆر باش بوو و لەجێگای خۆی بوو، کەرکووک پێویستی بە گفتوگۆیە لەگەڵ بەغدا و ناکرێ رەوشی ئەو شارە خراپ بکرێت». مەحمود عوسمان هەروەها رایگەیاند، دەبێ بەهاوکاریی حکوومەتی عێراق، دریژە بە گفتوگۆی پێکهاتەکانی کەرکووک بدرێ، «کەس ناتوانێت بەزۆر ئەو شارە کۆنترۆڵ بکات، شۆڤێنیەتی کۆنی عەرەبی ناتوانێت خۆی فەرز بکات بەسەر ئەو شارە و دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان بێنە سەرخەت». جێی باسە دوێنێ شەمە سەرۆک بارزانی پەیامێکی بلاو کردەوە و تێیدا رایگەیاند، هیچ مساوەمەیەک لەسەر کوردستانیبوونی ناسنامەی کەرکووک ناکەین و دەبێ کەرکووک ببێتە نموونەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی. سەرۆک بارزانی رێککەوتنی لایەنە کوردییەکانی لەبارەی کەرکووک بە «هەنگاوێکی گرنگ» دانا و ئاوە و رایگەیاندووە، «لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە کێشەکانی کەرکووک بە پارێزگاریشەوە سەرەتا لە نێوان هەولێر و بەغدا یەکلایی بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت».



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: رێز لە سەروەری هەرێمی کوردستان بگرن و نەبنە هۆی زیانگەیاندن بە هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان

دوێنێ شەمە 2019/7/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵیۆزخانەی تورکیا لە عێراق بە سەرۆکایەتی باڵیۆز فاتیح یڵدز.

لە دیدارەکەدا کە هاکان کەرەجای کونسوڵی گشتی تورکیا لە هەولێریش ئامادەبوو . باڵیۆزی تورکیا لە عێراق پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ کابینەی نۆی خواست و گوتی هیواداراین دەستبەکاربوونی کابینەی نۆی ببێتە دەستپێکی قۆناخێکی پڕخۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان وعێراق زیاتر گەشە بسەنێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سوپاسی شاندی میوانی کرد و گوتی هیوادارین پەیوەندی نێوان تورکیا وهەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا بەردەوام وبەهێزتر ببێت.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە گرنگی هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان دا بە شێوەیەک کە بایەخ بە کەرتەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی وگەشتوگوزاریش بدرێت و داهاتی کوردستان تەنیا یەک سەرچاوە نەبێت . گوتیشی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی دەستەبەر دەکەین.

سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران نیگەرانی خۆشی دەربڕی کە لە ئەنجامی پێکدادانەکانی ناوچە سنووریەکان خەڵکی سڤیل دەبنە قوربانی. داواشی کرد هەموو لایەک ڕێز لە سەروەری هەرێمی کوردستان بگرن و نەبنە هۆی زیانگەیاندن بە هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها داواشیکرد ئاسانکاری زیاتر بۆ گەشتکردنی هاوواڵتیانی هەردوولا بکرێت و، لە فرۆکەخانەکانی تورکیاش هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان تووشی کێشە و ئاستەنگ نەبن.

چاوشۆغلۆ پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد

وەزیری دەرەوەی تورکیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بەبۆنەی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی کابینەکەی. لەوپەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا ئومێدی سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست و لەوپشتیوانی وڵاتەکەی بۆ دووپات کردەوە. هەروەها خواستی تورکیای بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندی دووڵایەنەی نێوان هەولێر و ئەنقەرە دەربڕی.

هەر لەوپەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، مەولود چاوشۆغلۆ، خۆشحاڵی وڵاتەکەشی لە هەمبەر هەمەڕەنگی پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی، کە سەرجەم پێکهاتەکانی لەخۆ گرتووە.

پەیامی پیرۆزبایی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر

کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر پیرۆزبایی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی دەکات.

لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، کونسوڵخانەی ئەمەریکا پەیامێکی پیرۆزبایی بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە و نووسیویەتی: "پیرۆزبایی پێکهێنانی کابینەی نۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە پێناو گرنگیدانی زیاتر بە بەرژەوەندی هاوبەشمان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات. مۆرگان ئۆرتاگۆس، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لە واشنتنی پایتەخت و لە وەڵامی پەیامنێری کوردستان 24 وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت. ئۆرتاگۆس ڕاشیگەیاندسەقامگیری ناوچەکە و چاکسازی بۆ ئەمەریکا گرنگە و بە باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش، دڵخۆشن. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، دووپاتی لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە و ڕایگەیاند، وەک دوو هاوپەیمان بەردەوام دەبن.

عارف روشدی: بڕیارە بەم زووانە کورد پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە



ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، دوای دەستنیشانکردنی کاندید بۆ پارێزگاری کەرکووک، لیژنەیەک لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست کراوە و بڕیارە بەم زووترین کات دەست بە کۆبوونەوە بکات لەگەڵ پێکهاتەکان و حکوومەتی عێراقدا، بۆ ئەوەی کورد پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە.

عارف روشدی، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسەر دیاریکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک گەیشتنە ڕێککەوتن، لیژنەیەک لە پارتی و یەکێتی دروست کراوە، کە بە زووترین کات دەست بە گفتوگۆکردن دەکات لەگەڵ بەغدا و پێکهاتەکانی کەرکووک بۆ ئەوەی وەکو هەنگاوی یەکەم پۆستی پارێزگار وەربگرینەوە. گوتیشی: ئەو خۆپیشاندانەی ڕۆژی هەینی بەشێک لە عەرەبەکانی کەرکووک ئەنجامیان دا بۆ ئەوەی پارێزگاری ئێستا لە کارەکەی بەردەوام بێت، نوێنەرایەتیی عەرەب ناکەن و بەشێک لە عەرەبەکانن، بۆیە کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی پارێزگاری نوێ نابێت، چونکە ئێمە لە ڕێگەی گفتوگۆوە ئەو پرسە یەکلادەکەینەوە.

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەشڵێ: ئێمە داوامان لە حکوومەتی عێراق کردووە، کە پێویستە دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بە تایبەت کەرکووک، ئاسایی بکرێتەوە و سەرجەم کێشەکانی چارەسەر بکرێن، کێشەکانیش تەنها بە پارێزگار چارەسەر نابن، چونکە پارێزگار لە سەدا یەکی کێشەکانە و کۆمەڵێک کێشەی دیکە هەن، وەکو ئەمنی و بوونی چەندین هێز لە کەرکووک و پرسی بودجەی کەرکووک و پێکهاتەکان، بۆیە پێویستە سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکرێن و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، هیچ کەسێک ناتوانێ حوکم لە کەرکووک بکات، بۆیە گفتوگۆکان بەردەوام دەبن تاوەکو دۆخی شارەکە بە تەواوی ئاسایی دەکرێتەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی باڵای پەرلەمانی فەڕەنسا دەکات

پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئێستای فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان تاوتوێکران



لە دیدارێکیدا لەگەڵ شاندێکی باڵای پەرلەمانی فەڕەنسا ، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەخت لە پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی فەڕەنسا دەکاتەوە و هاوکاری و پشتیوانییەکانی فەڕەنسا بۆ هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنێت.

ڕۆژی پێنجشەمە 11ی تەموزی 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی کرد لە شاندێکی باڵای پەرلەمانی فەڕەنسا بە سەرۆکایەتیی گرووپی دۆستایەتیی بەهێزی خۆمان کەمەنەتەوەیی و ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مایەر لیفور جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نەتەوەیی فەڕەنسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی فەڕەنسا کرد. لە دیدارێکدا کە برونو ئوبیرت، باڵیۆزی فەڕەنسا لە عێراق و جێگری کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، سەرۆکی شاندی پەرلەمانی فەڕەنسا گویندال ڕولارد، باسی لە دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و گەلی کورد و وڵاتی فەڕەنسا کرد و ڕایگەیاند: بۆ ئەوە هاتووین دۆستایەتیی بەهێزی خۆمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپاتبکەینەوە، گوتیشی: بەنیازین لە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا چەندین پڕۆژەی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن. هەروەها هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە پەیوەندیی لە مێژینەی نێوان گەلی کورد و فەڕەنسا کرد و ڕۆڵی سەرۆکی فەڕەنسای لە هاوکاری و پشتیوانیکردن لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد بەرزنرخاند و جەختی لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکان بەتایبەت لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی فەڕەنسا .

ویستیان کوردستانیبوونی کەرکووک بگۆڕن، بەڵام پێیان نەکرا

شاخەوان عەبدوڵا: دەبێ شۆڤێنییەکان بە پێکەوەژیانی کەرکووک ڕازی بن

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، شۆڤێنییەکان هەوڵیان داوە ناوچەکە بە تاکڕەوی بەڕێوە ببەن و کوردستانیبوونی بگۆڕن، بەڵام پێیان نەکرا.

شاخەوان عەبدوڵا، ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک ڕایگەیاند: عەقڵیەتی شۆڤێنی لە ناسەقامگیریی سیاسی دەبینێت، بۆیە هەر کاتێک ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو هەولێر و بەغدا و پێکهاتەکان هەبێت، ئەوا دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و دوور دەخرێنەوە، بۆیە هەوڵ دەدەن بە هەموو شێوەیەک دۆخەکە تێک بدەن.

سەبارەت بە گفتوگۆکانی داگیرکەرانی کوردستانە، دەبوو ئەوانە سوودیان لە ئەزموونی ڕابردوو وەرگرتبا، چونکە سالانێکی زۆر هەولّی قڕکردن و لەناوبردنی کوردیان دا، هەروەها ویستیان تاکڕەوانە ناوچەکان بەڕێوە ببەن و کوردستانیبوونی کەرکووک بگۆڕن، بەڵام پێیان نەکرا.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک، ئەوەشی خستەڕوو: کەرکووک شارێکی فرە کولتوور و پێکەوەژیانە کە دەبێ هەموو پێکهاتەکان بە ئازادانە و سەربەرزانە تێیدا بژین، ئێدی عەقڵیەتی شۆڤێنی جێگای نەماوە، دەبێ شۆڤێنییەکان هاوشێوەی هاووڵاتییەکی کەرکووکی بە فرەیی و پێکەوەژیان ڕازی بن، یان دەبێ شارەکە بەجێ بهێڵن و هیچ چارەسەرێکی دیکەیان نییە. هاوکات ئاماژەی بەوەش کرد: عەقڵیەتی شۆڤێنی سوود لە ناسەقامگیریی سیاسی دەبینێت، بۆیە هەر کاتێک ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو هەولێر و بەغدا و پێکهاتەکان هەبێت، چوونە پێشەوە لە پرسەکان هەیە و دەکرێ بیقۆزنەوە و ڕێککەوتنی لەسەر بکەین، ئەوکاتە کەس ناتوانێت ئالۆزی دروست بکات.

نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچەکان، شاخەوان عەبدوڵا جەخت دەکاتەوە: دەبێ وتووێژەکان بەردەوام بن و لەسەر کۆی پرسەکان بگاتە ئامانجی خۆی، چوونە پێشەوە لە پرسەکان هەیە و دەکرێ بیقۆزنەوە و ڕێککەوتنی لەسەر بکەین، ئەوکاتە کەس ناتوانێت ئالۆزی دروست بکات.

نێچیرڤان بارزانی:

هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی سەقامگیری لە ناوچەکە دەمێنێتەوە

فەرەنسا یەکەم وڵات بوو بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارامی لە هەرێمی کوردستان دا

هیوادارین لەسەر بنەمای دەستووری عێراق ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە چەند ساڵە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە



لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ پاریسی پایتەختی فەرەنسا، ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2019/7/11 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیدارێکی لەگەڵ ڕەوەندی کورد و دۆستانی کورد و کوردستان لە پاریس ئەنجامدا. لە دیدارەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

زۆر سوپاس
هەموو لایەکتان بەخێربێن سەرچاوان

زۆر خۆشحاڵم کە لە چوارچێوەی سەردانماندا بۆ پاریس ئەمڕۆ لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە پاریس کۆدەبمەوە و بەخێربێن سەرچاوان، هەروەها خۆشحاڵم جگە لە ڕەوەندی کوردی، دۆستانی ئێمەی فەرەنسی، باڵیۆزی عێراق لە پاریس و نوێنەرانی ژمارەیەک باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی دۆست لێرە ئامادەن و هەموولایەکتان بەخێربێن سەرچاوان.

سەردانی ئێمە بۆ پاریس لەسەر بنگەهێشتی سەرۆکی فەرەنسا بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن بوو و دوێنێ لە کۆشکی ئەلیزێ کۆبوونەوەیەکی باشمان لەگەڵیدا ئەنجامدا. وەک هەموو لایەکتان ئاگادارن پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرەنسا دیرۆکی و مێژوویین. فەرەنسا یەکەم وڵات بوو بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارامی لە هەرێمی کوردستان دا لە کاتی خۆیدا بۆ پاراستنی میللەتەکەمان، دوای ئەوەش لەگەڵ دەوڵەتی فەرەنسا بەتایبەتی سەرۆک میتران ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بوون. ساڵێک پێش ڕووداوەکانی ڕیفراندۆم، فەرەنسا لە لایەنی سیاسییەوە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی بۆ دووبارە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم ڕۆڵەی سیاسیی فەرەنسا نەبووایە لەو کاتەدا کە سەختییەکی زیاد لە حەد بوو، دیار نەبوو دۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەچوو.

فەرەنسا دەرگای سیاسیی خۆی بۆ گەلی ئێمە کردەوە و هەوڵی جددی دا لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و لەگەڵ بەغداش بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان.

خۆشحاڵم کە دەڵێم دوای ساڵێک و چەند مانگێک لە دیدارمان لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن، ئەمڕۆ کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تەواو جیاوازەوە لەگەڵ پێش ئێستا و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا بەرەو باشتر دەڕۆن و هیوادارین لەسەر بنەمای دەستووری عێراق ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە چەند ساڵە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و باوەڕمان وایە بە هاتنی حکوومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دەتوانین چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە کە لە نێوانماندا هەن.

پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پرسێکی جددییە و پێویستە چارەسەرکردنیشی سیاسی بێت لەو وڵاتانەی کە کورد تیایاندا دەژین هەریەک بەگوێرەی تایبەتمەندیی خۆی.

خۆشحاڵم ڕابیگەیەنم کە دوێنێ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕان و پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تورکمان و کریستیانەکان.

ئێمە زۆر بە گەشتبینییەوە سەیری دۆخی هەرێمی کوردستان دەکەین و هەوڵە جددییەکانمان بۆ ئەوەن وەک هەموو جارێک هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی سەقامگیری لە دەڤەرەکەدا بەگشتی بمێنێتەوە.

جارێکی دیکە سوپاس هەموولایەکتان دەکەم بۆ هاتن و تەشریفهێنانتان .

بەخێربێن سەرچاوان



سەعد حەریری پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز سەعد حەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد و هیوی سەرکەوتنی بۆ خواست.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/11 ئەنجام درا، بەڕێز سەعد حەریری هەروەها پیرۆزبایی دامەزراندنی کابینەی نۆهەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە ڕێواس فایەق دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بۆ خاتوو ڕێواس فایەق بەبۆنەی هەڵبژاردنییەوە بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز خاتوو د. ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتانەوە بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان بۆ پەرلەمانی کوردستان دەخوازم.

پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە چەسپاندنی یاساییی مافەکانی گەلی کوردستان و ڕێکخستنی ژیانی مەدەنی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و بڕیارە پێویستەکانەوە. هیوادارم بە ئەزموون و شارەزاییتان لە کاری پەرلەمانی و بە هاوکاریی هەموو فراکسیۆنەکان، خزمەتێکی باشتر بە قۆناغی ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئێمەش لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پاڵپشت و هاوکار دەبین بۆ سەرخستنی کارەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو قوواڵکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/11

سەرۆکی شارەوانیی پاریس ستایشی هەرێمی کوردستان دەکات



لە دووەم ڕۆژی سەردانیدا بۆ پاریس و لە دیدارێکدا لەگەڵ خاتوو ئان هیدالگۆ سەرۆکی شارەوانیی فەرەنسا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیرییەکانی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و هیوای بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان شارەوانیی پاریس و پارێزگای هەولێری خواست.

لە دیدارەکەدا کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/11 لە شارەوانیی پاریس بەڕێوەچوو، خاتوو هیدالگۆ ستایشی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و فرەڕەنگی لە هەرێمی کوردستان و دۆخی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەرانی لە هەرێمی کوردستان کرد.

تاوتوێکردنی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی فەرەنسا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، مەترسییەکانی سەر ژینگەی جیهانی و مەترسیی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوون. لە کۆتاییی دیدارەکەدا هەردوولا دیارییان گۆڕییەوە.

فەلاح حەسەن: وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بەڵێنی پێدراین کە پشتگیری لە حکوومەتی هەرێم بکەن



لەمیانی کۆبوونەوەیەکی فەرمی سەرکردایەتیی لاوانی سیاسیی ئەورووپا و وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ، داوایان لێکراوە کە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی تازەی هەرێمی کوردستان بکەن. فەلاح حەسەن، جێگری یەکەمی سەرۆکی لاوانی سیاسیی ئەورووپایە و بە سەرۆکایەتیی شاندێکی لاوانی ئەورووپا چەند دیدارێکی فەرمی لە مۆسکۆدا ئەنجامداوە، ئەمجارە شاندەکەی لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕێکخراوەکان کۆبوونەوە، فەلاح حەسەن گوتی: من وەکو کوردێک داوای پشتگیرم لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا کرد و ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی و حکوومەتی تازەی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها پەیمانیان پێدراین کە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتەکەی بکەن. شایەنی باسە ناوبراو لە هەمان کاتدا نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بۆ چەندین دیداری فەرمی سەردانی مۆسکۆی کردووە.





مەسرور بارزانی بۆ ڕێواز فایەق:
ئومێد دەخوازم لەو ئەرکە نیشتمانییەدا سەرکەوتووبن

مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ڕێواز فایەق دەکات، بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە پەیامی پیرۆزباییەکەدا ئومێد دەخوازێت بەیەکەوە باشترین خزمەت پێشکەش بە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان


بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم، ئومێد دەخوازم لەو ئەرکە نیشتمانییەدا سەرکەوتووبن و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنیش لە هەرێمی کوردستان پەیوندییەکی بەهێز و تۆکمە بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە باشترین خزمەت پێشکەشی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بکەین و پرۆسەی دیموکراسیش لە هەرێمی کوردستان پەرە پێ بدەین.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

2019/7/11



جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لەمەسرور بارزانی دەکات

ئەندرو پیک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران لە پەیوندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کابینەی نوێی حکوومەت خواست.

لەوپەیوندییە تەلەفۆنییەدا جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامبوونی هاوکاری بۆ پێشمەرگە و پتەوکردنی پەیوندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دا.



سەرۆک وەزیرانی لوبنان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

ڕۆژی پێنجشەمە، 11ی تەمووزی 2019 سەعد حەریری، سەرۆک وەزیرانی لوبنان لە ڕێگەی پەیوندییەکی تەلەفۆنییەوە پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد.

لەوپەیوندییە تەلەفۆنییەدا، سەعد حەریری وتڕای پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، هیوای سەرکەوتنی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و جەختی لە پتەوترکردنی پەیوندییەکان کردەوە.

ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد

عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، لە پەیوندییەکی تەلەفۆنیدا، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی بە هۆی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان بۆ بوون بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە پەیوندییە تەلەفۆنییەکەدا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست و پشتگیریی خۆیشی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، ئەڵمانیا وەکو هاوبەشێکی جێگەی متمانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە. دەقی پەیامی پیرۆزباییەکە:

زۆر بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران، مەسرور بارزانی

گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم، بەبۆنەی هەڵبژاردنتان وەک سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

هەڵبژاردنی ئێوە و پێکهێنانی کابینەی حکوومەت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، مەرجی گرنگن بۆ قوواڵترکردنەوەی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەت لە بواری ئاسایشدا، هەروەها بۆ زاڵبوون بەسەر تەحەددیاتە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەڵمانیا لە داهاتووشدا وەکو هاوبەشێکی جێگەی متمانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق دەمێنێتەوە.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانتان

لەگەڵ سڵاوی دۆستانەماندا

هایکۆ ماس

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا

پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق د.بەشیر حەداد

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بڵاویکردەوە، کە د.بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بە بۆنەی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانی کوردستان و سوێندخواردنی یاسایی بەرامبەر نوێنەرانی گەلی کوردستان

هەروەها هاتووە: د.بەشیر هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەم کابینەیە خواست و بە ڕەنگدانەوەی دید و بۆچوونی هاوبەشی نێوان هێز وحزب و لایەنەکانی کوردستان وەسف کرد، هیواشی خواست ئەم قۆناغە تازەیە ببێتە دەستپێکێکی باش و بەهێز بۆ چەسپاندنی سەقامگیری و پێشکەوتن و بەردەوامی پرۆسەی ئاوەدانی و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاوواڵتیانی هەرێم و چارەسەرکردنی گرفتە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بە پێی دەستوور.

پەیامی پیرۆزبایی د. نەجمەدین کەریم

کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد، نەجمەدین کەریم، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە پەیامەکەدا هاتووە: لە خوای گەورە ئەخوازین کە سەرکەوتووبن لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانتان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و بە دیهێنانی ئامانجەکانی بۆ ئاشتی و ئاسوودەیی و ئازادی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە کەرکووک و شوێنەکانی تری.

دەقی پەیامەکە

برای بەڕێز کاک مەسرور بارزانی

بە بۆنەی دەستبەکاربوونتان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان لێ ئەکەم و لە خوای گەورە ئەخوازین کە سەرکەوتووبن لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانتان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بۆ ئاشتی و ئاسوودەیی و ئازادی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە کەرکووک و شوێنەکانی تری.

بڕاتان

د. نەجمەدین کەریم

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کەسوکاری قوربانیانی تەقینەوەکانی رۆژئاوای کوردستان

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە داخێکی زۆرەوە رۆژی پێنجشەممە 11ی7ی2019 لە ئەنجامی زنجیرە تەقینەوەیەکی تیرۆریستی لە شارەکانی قامیشلۆ و عەفرین و حەسەکە ژمارەیەک هاوواڵتیی مەدەنی بوونە قوربانی و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون.

وێڕای ئەوەی بە تونڈی ئیدانەی ئەو پەلامارە تیرۆریستیانە دەکەم، سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە دەکەم و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارانی دەخوازم.

مسعود بارزانی
12ی7ی2019

سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەقینەوە تیرۆرستییەکانی کوردستانی سووریا سەرکۆنە دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا تەقینەوەکانی رۆژی پێنجشەممە 2019/7/11ی کوردستانی سووریای ئیدانە کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بە تونڈی سەرکۆنەی ئەو کردەوە تیرۆرستیانە دەکەین کە ئەمڕۆ هەرسێ شاری قامیشلۆ و عەفرین و حەسەکەی لە کوردستانی سووریای کردە ئامانج و لە ئەنجامدا زیاتر لە پازدە کەس گیانیان لەدەست دا و نزیکەی حەفتا کەسیش بریندار بوون.

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان دەکەین هاوسۆز و هاوخەمیانین، هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین.

ئەو کردەوە تیرۆرستیانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە تیرۆر هێشتا مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و هەرپەشە لە ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە و جیهان دەکات، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییەش پێویستی بە هەماهەنگی و کاری هەمەلایەنەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/11

پەرلەمانی کوردستان: تەقینەوەکان سەلماندییان کە دەبێت هەموو یەکڕیز بین

پەیامی هاوخەمیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەبارەی تەقینەوەکەی قامیشلۆ و عەفرین

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی هاوخەمیی لەبارەی تەقینەوەکانی شارەکانی قامیشلۆ و عەفرین بڵاوکردەوە. بەگوێرەی پەیامەکەی پەرلەمانی کوردستان "وێڕای هاوخەمی و هاوبەشی لە خەمی قوربانیان بەتونڈی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەکەین". لە بەشێکی دیکەی پەیامەکە هاتووە "ئەنجامدانی ئەو تەقینەوانە سەلمێنەری ئەوەیە کە پێویستە هەموان بە یەکڕیزی و یەکدەستی بۆ بەرگری لە خاک و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان دەست بخەینە ناو دەست". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامی هاوخەمیی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی تەقینەوەکەی قامیشلۆ و عەفرینمان بیست کە بووە هۆی شەهیدبو بریندارببوونی ژمارەیەک لە خەڵکی مەدەنیی ئەو دوو شارە خۆشەویستە، وێڕای هاوخەمی و هاوبەشی لە خەمی قوربانیان بەتونڈی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەکەین.

ئەنجامدانی ئەو تەقینەوانە سەلمێنەری ئەوەیە کە پێویستە هەموان بە یەکڕیزی و یەکدەستی بۆ بەرگری لە خاک و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان دەست بخەینە ناو دەست. داوا لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین لە هەبوونی هەر پێویستییەک بۆ هاوکاریکردنی قوربانیان و خەڵکی رۆژئاوای کوردستان دریخی نەکەن.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/7/11



مەسرور بارزانی پەیامێکی هاوخەمی بۆ رۆژئاوای کوردستان بڵاوکردەوە

تیرۆر و تیرۆرستان دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئایین و ئاینزا و ژیان و شارستانییەتن

مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی تەقینەوەکانی رۆژی پێنجشەممە 2019/7/11ی رۆژئاوای کوردستان، پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، تیرۆر و تیرۆرستان، یەک ئامانجیان هەیە و دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئایین و ئاینزا و ژیان و شارستانییەتن. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەو پەیامەدا، بە تونڈی ئیدانەی تەقینەوە تیرۆرستییەکانی رۆژی پێنجشەممەی شارکانی عەفرین، قامیشلۆ و حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان دەکات، هاوخەمی خۆیشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییان دەکات و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارانی دەخوازێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامێکی هاوخەمی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە تونڈی ئیدانەی ئەو تەقینەوە تیرۆرستیانەی ئەمڕۆی شارەکانی عەفرین و قامشلۆ و حەسەکە دەکەم، کە ژمارەیەک هاوواڵتی سڤیل گیانیان لە دەستدا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.

سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم ئاراستەی کەسوکاری قوربانییەکان دەکەم و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم.

ئەو کردەوە تیرۆیستیانە ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کە تیرۆر و تیرۆرستان یەک ئامانجیان هەیە و دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئایین و ئاینزا و ژیان و شارستانییەتن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/7/11



جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

بەبۆنەی متمانەپێدان بە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەسەن کەعبی، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی کرد. دەقی پەیامەکەی حەسەن کەعبی:

سڵاوت لێبێ جەنابی سەرۆکی بەڕێز

هەزار جار پیرۆزە پێدانی متمانە بە حکومەتەکەت، هیوای سەرکەوتن بۆ خۆت و کابینە وەزارییەکەت دەخوازین، بەهیوای خێر و خۆشی بۆ گەلی عێراق لە کوردستان.

براتان/ حەسەن کەعبی
جێگری یەکەمی سەرۆکی
ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

پەیامی پیرۆزبایی فەخری کەریم سەرۆکی دەزگای مەدا بۆ راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەر

فەخری کەریم، سەرۆکی دەزگای مەدا بۆ راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەری و هاوکات سیاسەتمەدار و راوێژکاری پێشووتری سەرۆک کۆماری عێراق، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد.

لە پەیامەکەیدا بۆ مەسرور بارزانی، فەخری کەریم نووسیویەتی: ڕێزدار مەسرور بارزانی، جارێکی دیکە جوانترین پیرۆزباییت لێ دەکەم، بەبۆنەی ئەرکە نوێیەکەت وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، باوەڕێکی گەورەم پێت هەیە، بەوەی کە دەتوانی جێپەنجەیەکی ئەرێنی لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان دابنێیت، کە پێگەکەی لەسەر هەموو ئاستێک بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە دەبینێت.

من لە بەیروتم، بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرم، ئەگینا بە پیرۆزبایی و بەرزڕاگرتنەوە یاوەریم دەکردی.

هاوڕێکەمان غەسان شربل، سەرنووسەری رۆژنامەی شەرقولئەوسەت پەیوەندی پێوەکردم و پێی راگەیاندم، کە سبەی رۆژنامەکەی "کوردی" دەبێت، چونکە وێنەی تۆ لە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکە دەردەکەوێت.

لەگەڵی ڕێککەوتووم، کە سەردانێکی بۆ هەولێر ڕێکبخەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی فراوان لەگەڵت ئەنجام بدات و گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرۆک بەردەوام بکات، بۆ ئەوەی پەرتووکەکەی لەسەر سەرۆک بارزانی بگەیەنێتە بەرهەم.

محەمەدی حاجی مەحمود پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد

سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، محەمەدی حاجی مەحمود لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە پەیوەندییەکەدا، محەمەدی حاجی مەحمود دڵخۆشی خۆی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەت دەربڕی و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواست و ئامادەیی پشتیوانی و هاوکاری حزبەکەشی بۆ کابینەی حکوومەت دووپات کردەوە.

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پەیوەندیی بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد و هیوای خواست پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پاڵپشتیی و هاوکاریی خۆیشی بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

هەروەها لەو پەیوندییە تەلەفۆنییەدا، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی، سەرۆک حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان بۆ کابینەی نێیەم کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

پەیامی پیرۆزبایی کونسوڵخانەی کۆماری کۆریای باشوور

دەقی پەیامەکە

کونسوڵخانەی کۆماری کۆریای باشوور لە هەولێر، لە کانگای دڵەوە پیرۆزبایی دڵسۆزانەی خۆی ئاراستە دەکات بە بۆنەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتوویی.

کونسوڵخانە بەردەوام دەبێت لە کارکردنی لەگەڵ کابینەی نوێ بۆ بەردەوامیدان بە پەیوندییە بەهێز و پرسوودەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پەیامی پیرۆزبایی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر

کونسوڵخانەی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی نوێی حکوومەت کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

کونسوڵخانەی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر هیوای سەرکەوتن بۆ سەرۆک وەزیران ڕێزدار مەسرور بارزانی و سەرجەم تیمە حکوومەتییەکەی دەخوازێت.

کونسوڵخانەی فەرەنسا متمانەی هەیە بە توانای ئەم کابینە تازە پێکهاتووە کە بە زووترین کات وەڵامی چاوەڕوانییەکانی خەڵکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بداتەوە لە بوارەکانی هەلی کار و ئاسایش و حوکمڕانی باش و خزمەتگوزاری گشتیی.

کونسوڵخانە دەزانێت کە ئەم کابینەیە پێداگیری دەکات بە هێشتنەوەی ئاستێکی بەرزی دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و پتەوکردنی زیاتری یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان، کە ئەمانە مەرجن بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان لەگەڵ بەغدا.



پەیامی پیرۆزبایی نادیە مۆراد

نادییە مۆراد، بەراوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و بالێۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد و هیواداڕە لە داهاتوو بتوانن پێکەوە کاری زیاتر بۆ ئێزدییەکان بکەن.

لە پەیامەکەی نادییە مۆراد هاتووە: هیوادارم لە چەند مانگی داهاتوو بتوانین پێکەوە کاربکەین و چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانی ئێزدییەکان بدۆزینەوە.

هەروەها هیوای خواست، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئاست داخوازیی خەڵکی کوردستان بێت و خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەش بکات.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی خەمیس خەنجەر

سەرۆکی هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی، خەمیس خەنجەر، لە پەیامێکدا کە ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کردووە و کابینەی نوێی حکوومەتیشی بە کابینەیەکی بەهێز وسفکردووە، کە پشتی بەستووە بە گەنجان و شارەزایان.

لە پەیامەکەیدا خەمیس خەنجەر نووسیویەتی: بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە ناوازەیە دەکەین، کە لە هەرێمی بەهێز و سەقامگیر هەیە.

هەروەها نووسیویەتی: پیرۆزە لە برامان مەسرور بارزانی و هەموو تیمە وەزارییەکەی و هیوایەکی گەورەمان هەیە بە بەردەوامبوونی لە حوکمڕانی دادپەروەرانە و گەشەسەندوو.

کونسوڵی ئەردەن پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد

خۆشحاڵم، کە بەوپەڕی گوزارشتەکانی پیرۆزبایی، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان بکەم، بۆ ئەو متمانە گەورەیەی بە ئێوە بەخشرا و پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقتان وەرگرت. پیرۆزباییتان لێدەکەم بۆ ئەو متمانە گرنگەی کە پێتان درا و ئێوە شایستەی ئەو متمانەیەن. لە خوای گەورە داواکارم هەنگاوەکانتان خێر و خۆشی بن و خوای گەورە یارمەتیدەرتان بێت بۆ بەرگەگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگە. هەروەها سەرتان بخات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نوێیەکەتان و بەدیهێنانی روانگە و بەرنامەتان لە پێناو خزمەتکردنی هەرێم. هەروەها هیوادارم خوای گەورە تەندروستی باشتان پێ ببەخشێت و دووبارە پیرۆزە.

هەیسەم ئەبولفول/ کونسوڵی ئەردەن

پێکهاتەکانی خانەقین واژۆ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 و گەڕانەوەی پێشمەرگە کۆدەکەنەوە

بەرپرسی لقی15ی پارتی لە خانەقین ڕایگەیاند: چەند ڕۆژێکە واژۆکۆکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە لە لایەن پێکهاتەکانی خانەقینەوە دەستی پێ کردووە، کە تا کۆتاییی ئەم حەفتەیە بەردەوام دەبێت و زۆرینەی خەڵکی خانەقینیش بە هەموو پێکهاتەکانەوە، پشتگیری لەو داواکارییە دەکەن.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: خەڵکی شاری خانەقین بە هەموو پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمانەوە گرووپێکیان پێکهێناوە بە ناوی گرووپی مەدەنی و سەر بە هیچ لایەنێک نین و خۆیان بە نوێنەری خەڵکی خانەقین دەزانن، کە سێ جار شانەی هاتووە بۆ خانەقین لەگەڵ ئەو گرووپە دانیشتوون و پێیانڕاگەیاندوون، کە حکوومەتی عێراق ناتوانێت ئەمنیەتی ناوچەکە بپارێزێت ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبێت، ئینجا هەرچەند هێز زیادبکەن سوودی نابێت و ئێستا بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانیی زیاتر



پەیدا بکەن، بەنیازن هێلگەی زەرد لەبەر بکەن بۆ ئەوەی تێکەڵ بە لایەنەکان نەکرێن و کۆمەڵێک کاری مەدەنی ئەنجام دەدەن و فشار لەسەر حکوومەتی عێراق دروست دەکەن، بۆ ئەوەی خزمەتی خانەقین بکرێت و کێشەکانی چارەسەر بکرێن.

شێخ مستەفا گوتیشی: ماوەی چەند ڕۆژێکە ئەو گرووپە دەستی بە کۆکردنەوەی واژۆی خەڵکی خانەقین لە هەموو پێکهاتەکان کردووە بۆ ئەوەی ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت و هێزی پێشمەرگەش بگەڕێتەوە، چونکە ئەو گرووپە ترسیان هەیە بکەونە بەر پەلاماری حەشدی شەعبی و هێزی عێراقی، لەبەر ئەوەی پێشتر زیاتر لە 90%ی خەڵکی خانەقین دەنگیان بە ڕیفراندۆم داوە و ئێستاش 98%ی ئەو خەڵکە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، پشتگیری لەو داواکارییە دەکەن.

دەزگای ڕوانگە لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە 1690 هەلی کار دەڕەخسێنێت



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی دەزگای ڕوانگە ڕایگەیاند، بە مەبەستی دۆزینەوەی کار بۆ کارخوازان و بەهێزکردنی توانا و شارەزاییەکانیان، دەزگای ڕوانگە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی بە بەشداریی 166 کۆمپانیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەکاتەوە، کە هەلی کار بۆ زیاتر لە هەزار و 690 کارخواز دەڕەخسێنێت. ئاری ڕەسوڵ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بە مەبەستی گەیاندنی کارخوازان بە خاوەنکار و بەهێزکردنی توانا و شارەزاییەکانیان، دەزگای ڕوانگە، پێشانگای نێودەوڵەتیی کاری ڕوانگە فوردەسی 2019 لە ڕێکەوتی 15 و 16ی ئەم مانگەدا دەکاتەوە، کە لە 10ی بەیانییەوە تاوەکو شەشی ئێوارە بەڕێوە دەچێت. ئاری ڕەسوڵ گوتیشی: پێشانگاکە لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان دەکرێتەوە، کە تێیدا هەزار و 690 هەلی کار دەڕەخسێنێت و 166 کۆمپانیاش لە 14 وڵاتی جیهانەوە بەشداری دەکەن؛ وەکو کۆریا، کوێت، لوبنان، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، دانیمارک، سوید، ئیمارات، سویسرا، ئەمەریکا، کەنەدا، کوردستان و عێراق.

بەربژێری هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک شۆفێنییەکانی ئەو شارەی هەراسانکرد



خەبات- ئارام شێرکۆ: دەستنیشانکردنی کەسێکی کورد بۆ پارێزگاری شارەکە و ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی، دوژمنانی کوردی لە کەرکووک هەراسان کرد، بەشێک لە عەرەبەکانی سنووری شارەکە خۆپێشاندانی نارەزایی ئەنجام دا و پێیان قبوڵ نییە جارێکی تر کەسێکی کورد بکرێتەوە بە پارێزگاری ئەو شارە.

یەکبوونی مالی کورد و بەهێزبوونی نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دووژمنانی هەراسان کردووە، هەر ئەمەیش وایکرد بەشێک لە عەرەبە شۆڤینییەکان بڕێنە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندانێکی نارەزایی ئەنجامبدان، لە بەرامبەر مانەوەی ڕاکان سەعید پارێزگای سەپێناو. سەبارەت بەمەیش ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە نەیویست ناوی شاکرا بکرێت لە لێدوانێکی تایبەتی پێیڕاگەیاندین: یەکبوونی مالی کوردی و یەکپێزیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیەکان ئاگری بەردا لە دوژمنانی کورد، بەتایبەتی لە کەرکووک. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن گوویشی: هیوادارم هەمیشە ئەم یەکپێزییە بپارێزن بۆ ئەوانەی ڕۆژێک بوون دژایەتی کورد و هەڵکردنی ئاڵای کودستانیان دەکرد، هەموو کات پێیانخۆشە کێشە دروست بکەن لە نێوان لایانە سیاسییە کوردستان بۆ بەرژەوەندی خۆیان. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی گوتیشی: بەشێک لە لایانە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی کەرکووک دەستیان هەیە لە پشت ئەم ئاژاوەگێڕییە، لە بیریانچوو کە پێشمەرگە شەرەفیانی دەپاراست و بە بێ جیاوازیی نەتەوەو ئاین و مەزهەب بەرگری لە سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم شارە دەکرد.

پارێزەرێکی کوردیش گوتی: پێویستە بەشێوەی یاسایی سکاڵا دژ بەو کەسانە تۆماربکرێت کە ئینفسالی و داعش دەخەنە یەک ئاست و دین لە بەردەم بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک و بەڕێوەبەری هەواڵگری و بەرپرسی ئەمنی تەلاری پارێزگاو چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێن ئێمە بەعسین و سەدامین.

ئاگر لە کۆگای مۆڵێکی هەولێر کەوتەوە

دوای نزیکەی پێنج کاتژمێر بە هاوکاریی تیمەکانی فڕۆکەوانی کۆنترۆڵکرا



سەر لەبەیانی دوێنێ شەممە ئاگر لە کۆگا و مۆڵی ACH لە شاری هەولێر و لەبەرامبەر پارکی سامی عەبدولڕەحمان کەوتەوە و دووکەڵێکی چڕی بەناوچەکە بڵاوکردەوە کە لەهەموو ناوچەکانی هەولێرەوە دەبینرا.

ئاگرەکە کە هێشتا بەرگری شارستانی هەولێر هۆکاری کەوتنەوەکەی ڕوون نەکردووەتەوە و نەزانیوە، زیانێکی زۆری ماددی بەو شوێنە گەیاندووە.

ئەگەرچی چەندین تیمی بەرگریی شارستانی بەدەیان کارمەندەوە سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بوون کە لەسەرەتاوە لە کۆگای مۆڵەکە واتە لە بەشی پشتەوەی دەستی پێکرد و پاشان ئاگرەکە بەهۆی بوونی مەوادی کارەبایی و پلاستیکییەوە تا چەند کاتژمێرێک کۆنترۆڵ نەکرا.

دوای ئەوەی تیمەکانی بەرگری شارستانی و ئاگرکوژێنەوە نەیانتوانی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن، دواتر لەڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی ئاگرەکە درا.

هەروەها یەکێک لە کرێکارانی کۆگاکە بەهۆی تەنگەنەفەسییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە، تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ڕێگرییان لە تەشەنەسەندنی ئاگرەکە کردووە تاوەکو بۆ بەشەکانی دیکەی بالەخانەکە نەگوێزرێتەوە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە شوێنی ئاگرەکە قسەی بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو کرد و ئاماژەی بەوە دا، ئەو ماددانەی لە کۆگاکە هەبووە بەشێوەیەکی باش هەڵنەگیراون، کاتێک ئاگرەکە چووەتە نێو کۆگاکە نەبووە. نەوتی ڕەشی تانکەرەکەش، کە بەسەر ڕێگە سەرەکییەکەدا ڕژاوە، گرفتی بۆ هاتووچۆی شۆفێران دروست کردووە و ئێستاش تیمەکانی بەرگری شارستانی سۆران، گەیشتوونەتە شوێنەکە. پەیامنێری کوردستان 24 لە سۆران ڕایگەیاند، تیمەکانی بەرگری شارستانی، بە هاوکاری پۆلیسی هاتووچۆ، لە شوێنی ڕووداوەکەن و شارەوانی سۆرانیش لە ڕێگەیەبۆ پاککردنەوەی شوێنەکە.

هاتووچۆی سۆرانیش داوا لە شۆفێران دەکات، لەو شوێنە خێرایان کەمبکەنەوە و ئاگاداری سەلامەتی خۆیان بن.

تانکەرێکی ئێرانی، کە نەوتی ڕەشی بارکردووە، لە ڕێگەی کانی ماران زارگەلی ژ سۆران، وەرگەڕا. بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی هاتووچۆی سۆران، ڕووداوەکە دوای نیوەڕۆی دوێنێ بووە، جگە لە زیانی مادییش، هیچ زیانێکی گیانی بە دواوە نەبووە.




کۆنترۆڵکردنەوەی سەختبووە.

بەپێی زانیاریەکانی پەیامنێری ڕووداو، سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی کۆگاکە بەباشی کاری نەکردووە و نەتواندراوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە سوودی لێوەربگیرێت.

لەو ئاگرەدا کۆپتەری فریاگوزاری بەکارهات بۆ ئەوەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام دواجار بە شۆفڵ دیوارەکانی مۆڵەکە ڕوخێنرا و توانرا ئاگرەکە کەمتر بکرێتەوە و بەشێکی کۆنترۆڵ بکرێت.

لە کۆتاییدا دوای نزیکەی پێنج کاژێر ئاگرەکە کۆنترۆڵکرا و لێکۆڵینەوە لەبارەی قەبارەی زیانەکان و هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەش بەردەوامە.

حاجی ئۆمەران... دەست بەسەر دوو کیلۆ مادەی هۆشبەردا گیرا



هێزەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەی دەروازی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، توانیان دەست بەسەر بڕی دوو کیلۆ گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵدا بگرن و کەسێکیش بەهۆیەوە دەستگیر کرا. سەدیق خۆرکی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی سۆران، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ڕۆژی هەینی 2019/7/12 لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، لەلایەن هێزەکانمانەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کۆمەڵگەی حاجی ئۆمەران، توانیان دەست بەسەر بڕی دوو کیلۆ گرام مادەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵدا بگرن و کەسێکیش بەدەستگیر بکرێت.

چۆمان... هاووڵاتییەک لە کوێستانەکانی گۆمی بێکۆدیان ڕزگارکرا

کاتژمێر 12:05 خوولەکی شەوی 12 لەسەر 13ی تەممووزی 2019 هاووڵاتییەکی نیشتەجێی هەولێر، لە کوێستانەکانی گۆمی بێکۆدیانی قەزای چۆمان ڕزگارکرا، کە بۆ گەشت و سەیران چووەتە ناوچەکە.

عەمید عیماد ڕێکانی، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو لەلایەن بنکەی بەرگری شارستانی چۆمان ئاگادارکراونەتەوە، کە هاووڵاتییەک بەناوی (ج. ح. ل. ڕ)، لە دایکبووی 1979 خەڵکی هەولێر، چووەتە سەیرانگای گەلی سەکران لە قەزای چۆمان و ئێوارە بە پیادە بە چیاکەدا سەرکەوتووە، بەڵام لە نزیک گۆمی بێکۆدیان، گیری خواردووە و ڕێگەی ونکردووە.

وەک بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران ڕایدەگەیەنێت، تیمێک بە سەرپەرشتی ڕائید ئەحمەد، ئەفسەری بنکەی بەرگری شارستانی چۆمان و ڕائید حەمید، ئەفسەری بنکەی بەرگری شارستانی حاجی ئۆمەران، بە یاوەری شارەزایەکی ناوچەکە، بۆ ماوەی 5کاتژمێر بە شاخەکەدا سەرکەوتوونە کە ڕێگەیەکی سەختە تا گەیشتوونەتە شوێنەکە.

دوای بڕینی ڕێگە سەختەکە، توانراوە هاووڵاتییەکە لە نزیک شوێنەکە بدۆزنەوە و بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، 13ی تەممووزی 2019 ئەو هاووڵاتییە ڕزگار بکەن.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/7/14 ژمارە (5788)

«خەبات» بەدواداچوون بۆ بەستانی پێوەری زیرەک-ی کارەبا دەکات

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: دانانی پێوەری زیرەک چەندین سوودی هەیە و پڕۆژەکە لە هەولێر دەستی پێکردووە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی کارەبای هەرێم سەرقاڵی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبای مااڵنە بۆ ئەوەی چیتر کارەبا بەفیڕۆ نەڕوات دوای جێبەجێ کردنی پلانەکە لەلایەن وەزارەتی کارەبا دەست کرا بە دانانی پێوەری زیرەکی کارەبای مااڵن و لە ئێستاشدا لەلایەن تیمەکانی بەستانی پێوەری زیرەک کارەکان بەئەنجام گەیشتن دەربارەی کارەکانی بەستانی ئەو پێوەرە زیرەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێرمان کرد و لەوێدا ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕوونیکردەوە:



پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی

پڕۆژەی پێوەری زیرەک بە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی وەزارەتی کارەبا دادەنێرێت بۆیە وەزارەتی کارەبای هەرێم پێش قەیرانی دارایی ئەو پڕۆژەیەی لە بەرنامە دابوو، بەاڵم لە کۆتایی ساڵی 2013 قۆناغێکی باشی بڕی بوو، دوای هاتنی قەیرانی دارایی ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ نەکراو ڕاگیرا و لەبەر گرنگی پڕۆژەکە لەساڵی 2018 وەزارەتی کارەبا بە هەول و کۆششی بەردەوامی حکومەتی هەرێم بۆ چاککردنی دۆخی کارەبا ڕەزامەندی درا لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکە و بوودجەی بۆ تەرخانکرا و دوای بڕینی هەموو قۆناغەکانی ئەو پڕۆژەیە کارەکان بەردەوامیان هەبوو تا کار گەیشتە ئەو قۆناغەی کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان کرایەوە بۆ ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی پڕۆژەکە بکرێت. مایەی خۆشحاڵییە لە ئێستادا لە هەولێر لە چەند ناوچەیەک کاری پڕۆژەی پێوەری زیرەک دەستی پێکردووە لەوانە ناوچەی پیشەسازی باشوور و لەناو تایەفرۆشەکان

پێوەری زیرەک دەستی پێکردووە جگە لەو شوێنانە لە گەڕەکی ڕاستی پڕۆژەکە لە جێبەجێ کردندایە و لەپلانمان دایە کە درێژە بە بەستانی پێوەری زیرەک بدەین بۆ هەموو هاوبەشانی کارەبا لە گەڕەکانی هەولێر و قەزا و ناحیەکان و گوندەکان و هەموو هاوبەشەکانی کارەبا واتا دانانی پێوەر بۆ مااڵن و بۆ شوێنە گشتییەکان ناوچەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی هەموو ئەو شوێنانە پێوەری زیرەکیان بۆ دەبەسترێت.

ئامانجیش لە و پڕۆژەیە کۆنترۆڵ کردنی بەکار هێنانی کارەبایە

هەرلە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕوونیکردەوە: ئامانجیش لە دانانی ئەو پێوەرە زیرەکە کۆنترۆلکردنی بەکارهێنانی کارەبایە بۆئەوەی هاوبەشانی کارەبا بە دروستی کارەبا بەکاربهێنن و زێدەڕۆیی لەسەر نەکرێت و بە فیڕۆ نەدرێت و هەوڵ بدرێت وەکو خۆی سوودی لێ ببینرێت و ئێمە لەکاتی ئێستادا ڕێژەی وزەی ونبووفان زیاتر لە 35% دیارە ئەو ڕێژەیە بەشێکی تەکنیکیە واتا لە10 بۆ 15% هۆکارەکەی تەکنیکییە بەاڵم ئەوانی دیکە بۆ هەموو سەرپێچییەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەگەڕێتەوە و بەهۆی دانانی ئەو پێوەرە زیرەکە بەشێکی ئەو سەرپێچییانە نامێنن و بەشێکی زۆری کارەبا لە دوای دانانی ئەو پێوەرە زیرەکە دەگەڕێتەوە و سوودەکانی دیکەی ئەو پڕۆژەیە کاتژمێرەکانی هەبوونی کارەبای هاووالتییان زیاتر دەبێت جگە لەوەش دۆخی کارەبا باشتر دەبێت و ئەو پچڕپچڕیەی کارەبا بەهۆی بار زۆری سەر کارەبا نامێنن و چارەسەری دەکات و لە ئەنجامی بار زۆری سەر تۆڕەکانی کارەبا بەهۆی ئەو زێدەڕۆییانەی کە ئێستا لەسەر کارەبا هەیە لەدوای ئەو پێوەرە زیرەکەم زۆر کەم دەبێت و تیمەکانی چاککردنەوەی کارەبا ئەرکیان سووکتر دەبێت.

دواتر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر دەربارەی پێوەری میکانیکی گوتی: چەندین گرفتی دیکەمان هەیە لە ئێستادا لەو پێوەرە میکانیکییانەی کە ئێمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین ئەویش خوێندنەوەی ئەو پێوەرە میکانیکییانە لەلایەن ژمێرکارەوە و لەوانەیە هەندێجار لە کاتی خوێندنەوەدا هەڵەی چاو ڕووبدات و لەئەنجامی ئەو هەڵەیە هاوواڵتییان تووشی چەندین ڕۆتین دەبێتەوە و لەوانەیە هەندێ لە هاوواڵتیان زەرەرمەند بن بەاڵم ئەگەر هاتوو پێوەری زیرەک دانرا پێویست بە چوونی ژمێرکار ناکات بچێت پێوەر بخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سیستەمی کۆمپیوتەرەوە بەستراوەتە و دەخوێندرێتەوە و ئەو هەاڵنە ڕوونادەن و ئەو جۆرە گرفتانەش نامێنن و لەکاتی ڕایی کردنی مامەڵەی هاووالتییان لەکاتی کردنەوەی هاوبەشی کارەبا یا خود لەکاتی گۆڕینی پێوەرەکان و سووتانی پێوەرەکان چەندین ڕۆتین هەیە لەکاتی ئێستادا لەدوای بەستانی ئەو پێوەرە بەشێکی زۆری ئەو ڕۆتینانە کەم دەبێتەوە و سوودێکی دیکەی گرنگی ئەو پێوەرە هاووالتییان وا بەئاسانی ناتوانن دەستکاری پێوەری زیرەک بکەن لەبەر ئەوەی ئەو پێوەرە شوێنەکەی زۆر بەرزە و لەسەر ستونەکانی کارەبایە و لەناو سندوقێکدایە و لە بەرزایی دادەنرێت و هاووالتییان و دەستیان ناگاتێ و هەر کەسێکیش ئەگەر نیازی دەستکاری کردنی پێوەری زیرەکی هەبێت یەکسەر لە سیستەمی کۆمپیوتەری دەزانرێت دەستکاری کراوە و هەرکەسێک دەستکاری پێوەر بکات ئەوا یەکسەر ڕێککاری یاسایی لەبەرامبەری وەردەگیرێت.

قەپان چییە و چۆن ڕێگا بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر دەدرێت بەسەر ڕێگاکاندا بڕۆن؟

بەڕێوەبەری وێستگەی کێش . هەولێر: هەر ئۆتۆمبێلێک ڕێژەی کێشەکەی بۆ دیاریکراوە، ئەگەر ئەو کێشەی هەڵیگرتووە هەتا چوار تەن بوو، بارەکەی ناهێندرێتە خوارەوە، بەاڵم غەرامە دەکرێت



ڕاپۆرت: هێمن ئاری

گرنگی و بایەخدان بەبواری ڕێگاوبان و ئاسانکاری بۆ بواری هاتوچۆ ئەرکی لەپێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لەچەند ساڵی ڕابردوو و بۆ ئایەندەش بەردەوامیی زیاتری دەبێت. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، وەک وەزارەتێکی خزمەتگوزاری، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکان بەردەوام کاری لەم بوارە کردووە. بەڕێوەبەرایەتی وێستگەی کێش ــ هەولێر، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، لەتەواوی ڕێگا سەرەکییەکان چاودێری وردی ڕێگاکان و ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دەکات بۆ ئەوەی ڕێگاو بانەکان لە تێکچوون بپارێزێت.

ئامانج و پاراستنی ڕێگاکان

ئەندازیار دەشتی ئەکرەم مەحەمەد بەڕێوەبەری وێستگەی کێش ــ هەولێر، ئامانجی بەئامانج و کارە سەرەکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەکرد، کە سەرەتا قەپانەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان بوون، وەک بەشێکی بچووک بەناوی(کێش) لەبەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بوون، ساڵی ٨ لەچەند شوێنێک قەپانی جێگیر دەست بەکارببوون بەشێوەیەکی فەرمی وەکو قەپانی (خەبات، قەندیل، قوشتەپە، گوێر)

لەچەند شوێنێکی دیکە قەپانی گەڕۆکمان دانا وەک (بەستۆرە، کەسنەزان، مەخمور، ئیفراز) دوایی بەهۆی ئەوەی لۆدی زۆر لەسەر ئەم قەپانە گەڕۆکانە هەبوو، دەستمانکرد بەگۆڕینیان بۆ قەپانی جێگیر.

دەشتی ئەکرەم هێمای بۆ ئەوە کرد وەک سەرەتا فریای ئەوە نەکەوتن لەهەموو ڕێگا سەرەکییەکان قەپانی جێگیر دابنێین، بەاڵم دواتر بەهۆی ئەو تاقیکردنەوانەی هەیانبوو پێیان باشبوو قەپانەکان جێگیر بکەن بەپێی توانا کانیان.

گەشەدان بەقەپانەکان

لەبەردەوامی قسەکانیدا بەڕێوەبەری وێستگەی کێش ــ هەولێر گوتی: ئەو داهاتەی دێتەوە دەستمان بۆ دووبارە سوود گەیاندن بەبوارەکانی ڕێگاوبان و چاککردنەوە یان گەشەمان بەقەپانەکاندا. ئەوبوو تاساڵی(ــ) ژمارەی قەپینەکامان زیاتر کرد بۆ (٥٠ــ)شوێن. دەتوانم بڵێم لەساڵی (ــ) ئەو ڕێگایانەی لۆدی زیاتریان لەسەربوو، یان ڕێگای سەرەکیی قەپانی دیکەمان تێدا جێگیرکرد. تاساڵی (٨) ژمارەی قەپانەکان گەیشت بە (٥٠)قەپان . ئێستا لەڕێگاکانی (قوشتەپە، خەبات، موسڵ، هاملتۆن، بەستۆرە، حەلیفان، چۆمان، کۆیە، کەسنەزان) قەپان هەیە.

مەرج و غەرامە

ئەندازیار دەشتی ئەکرەم لەبارەی کێشی ئەو بارهەڵگرانەی کێشیان زیاترە و بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر تێکچوونی ڕێگاکان نەبێت گوتی: بەپێی مەرج و ئەو ستانداردانەی دیاریان کردووە بارهەڵگرەکان دەبێت بێنە ژوورەوە بەپێی یاسای عێراقی و جیهانییەکان دیارمانکردووە وەک خشتە. ئەوکات بەگوێرەی مێحوەری ئۆتۆمبێلەکان و دابەشکردنی لۆدەکان بۆمان دیاریکردوون. جۆری هەر ئۆتۆمبێلێک ڕێژەی کێشەکەی بۆ دیاریکراوە، ئەگەر ئەو کێشەی هەڵیگرتووە هەتا چوار تەن بوو، بارەکەی ناهێنرێتە خوارەوە، بەاڵم غرامە دەکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەپێی ئەو کێشەی بۆی دیاریکراوە باری نەکات ، لەسەرووی چوارتەن هەم غرامە دەکرێت و هەم بارەکەش دادەگیرێت. ئەو کات جارێکی دیکە شوفێیر سەرپێچی ناکات.

لەوەاڵمی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر کە هەردووکیان تاچەند پێویستە هاوکارین؟ گوتی: هەماهەنگی باشمان هەیە بۆ پاراستنی ڕێگاو بانەکان، ئەو کاتەی دەست بەدروستکردنی ڕێگایەک دەکەن پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن بۆ ئەوەی قەپان لەڕێگاکە دابنێین ، بەاڵم بەهۆی ئەم قەیرانەو بارودۆخەی لەم چەند ساڵەی دواییدا نەمانتوانیووە ڕێژەی قەپانەکان زیاد بکەین، ئەگەرنا هەماهەنگی باشمان هەیە . ئێستاکەش زۆر ڕێگا هەیە لەبەرنامەماندا هەیە قەپانی لێ جێگیر بکەین ، بەاڵم لەبەربارودۆخی ئابووری بۆمان نەکراوە.

قەیران و کاریگەرییەکان

لەوەاڵمی پرسیارێکی دیکە کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەساڵی ٤ـ بەشێوەی فەرمی دامەزراوە ، ڕێگاکان نەبێت گوتی: بەپێی مەرج و ئەو ستانداردانەی دیاریان کردووە بارهەڵگرەکان دەبێت بێنە ژوورەوە بەپێی یاسای عێراقی و جیهانییەکان دیارمانکردووە وەک خشتە. ئەوکات بەگوێرەی مێحوەری ئۆتۆمبێلەکان و دابەشکردنی لۆدەکان بۆمان دیاریکردوون. جۆری هەر ئۆتۆمبێلێک ڕێژەی کێشەکەی بۆ دیاریکراوە، ئەگەر ئەو کێشەی هەڵیگرتووە هەتا چوار تەن بوو، بارەکەی ناهێنرێتە خوارەوە، بەاڵم غرامە دەکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەپێی ئەو کێشەی بۆی دیاریکراوە باری نەکات ، لەسەرووی چوارتەن هەم غرامە دەکرێت و هەم بارەکەش دادەگیرێت. ئەو کات جارێکی دیکە شوفێیر سەرپێچی ناکات.

لەوەاڵمی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر کە هەردووکیان تاچەند پێویستە هاوکارین؟ گوتی: هەماهەنگی باشمان هەیە بۆ پاراستنی ڕێگاو بانەکان، ئەو کاتەی دەست بەدروستکردنی ڕێگایەک دەکەن پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن بۆ ئەوەی قەپان لەڕێگاکە دابنێین ، بەاڵم بەهۆی ئەم قەیرانەو بارودۆخەی لەم چەند ساڵەی دواییدا نەمانتوانیووە ڕێژەی قەپانەکان زیاد بکەین، ئەگەرنا هەماهەنگی باشمان هەیە . ئێستاکەش زۆر ڕێگا هەیە لەبەرنامەماندا هەیە قەپانی لێ جێگیر بکەین ، بەاڵم لەبەربارودۆخی ئابووری بۆمان نەکراوە.



سەرپەرشتیاری قەپانی ڕێگای هەولێر . مەخمور: ئەرکی ئێمە پاراستن و بایەخدانە بەبواری هاتوچۆ



ئەگەر بەراوردێکی ڕێژەی تێکچوونی ڕێگاکان بکەین لەگەڵ دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کێش و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لەسەر شەقامەکاندا کەمترە یان زیاتر ، دەشتی ئەکرەم گوتی: کارێگەری زۆری هەبووە ، بەتایبەتیش دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگاکان بەهۆی قەیرانەوە کەمبوون، ئەگەر ئەم قەپانانە نەبووان تێچوونی زۆر زیاتری دەویست . ڕێگا هەیە قەپانی لەسەر نییە دەبینێن لەماوەیەکی زۆر کەمتر ڕێگاکە تێکچوودو جیاوازە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی قەپانی لێدانراوە. لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەو ڕێگایانەشکرد هەتا ئەگەر ڕێگاکە بەمواسەفات و ستانداردیش بێت، بەاڵم ئەگەر لەو لۆدەی بۆ دیاریکراوە ئۆتۆمبێل بەسەریدا ڕۆیشت. ئەوا کاریگەری لەسەر تێکچوونی ڕێگاکەو دروستبوونی چاڵ دەبێت.

پلان و بەرنامە

لەکۆتاییدا سەبارەت بەپلان و بەرنامەیان بۆ داهاتوو و پاراستنی زیاتری ڕێگاوبانەکان و پەرەپێدانی قەپانەکان، ئەندازیار دەشتی ئەکرەم گوتی: پلان و بەرنامەی زۆر باشمان هەیە، هەروەها دەرخستەشمان ئامادەیە بۆ هەموو ئەو شوێنانەی پێویستیان بەدانانی قەپان هەیە . بەاڵم بەهۆی ئەو قەیرانەوە نەمانتوانیووە کارەکان بکەین. هەتا بۆ ئەو ڕێگایانەی (های وێ ــ جووت سایدی خێرا) لە (ــ)دە پلانمان داناوە بەبێ ئەوەی ئۆتۆمبێل رابگیرێت و خێرایی کەم بکاتەوە بەشێوەی ئەلکترۆنی کێشەکەی دیاری دەکات. ئەوکاتە پێویستی بەچاودێری و دانانی بنکەش نابێت، بەڵکو بەشێوەی ئەلکترۆنی بەپێی خێرایی و جۆلەی ئۆتۆمبێل کێشەکە دیاریدەکات. سەرجەم داتاکانیش بەشێوەی ژمارە و وێنە دیاریدەکات.

گوێشی: پلانمان بۆ گەشە پێدانی قەپان زۆرە، بەاڵم ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەبوونی قەیرانی دارایی و ئەو بودجەیەی بۆمان دیاریدەکرێت. ئەگەر توانیمان ئەو بودجەیە دەستەبەر بکەین ڕێگاکانمان سەاڵمەت دەبن، کە ڕێگاکانمان سەاڵمەت بوون ڕوودەاوی هاتوچۆ کەم دەبێت و گیانی شوفێیر سەاڵمەت تر دەبێت.

کاریگەری ئیجابی

دواتر لەبەدواداچوونێکی مەیدانیدا ڕۆژنامەی خەبات سەردانی یەکێک لەقەپانە سەرەکییەکانی کرد بۆ خستنەڕوو و ئەرک و ماندووبوونی کارمەندان لەپاراستنی ڕێگاوبانەکان. لەوێدا ئەندازیار سالار بورهان ئەحمەد سەرپەرشتیاری قەپانی ڕێگای هەولێر ــ مەخمور ئاماژەی بەوەدا ئەرکی ئەوان پاراستن و بایەخدانە بەبواری هاتوچۆ.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/14 ژمارە (5788)
خەبات

عەقڵییەتی (سەددام حوسێن) لە دەڤەرەکەدا



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*


ئەو دەستەواژەیەم لە ڕەحمەتی دایکم بیستووە، دەیگووت داپیرم (نەنکی باوکم ناوی دورێ) بوو دەیگووت لە سەردەمی حوکمرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی باج (زەریبە) بە زۆری زۆرداری لە خەڵک وەردەگیرا بە کۆمەڵێک بیانووە و ناو و نازناو وەک سەرانە و مەرانە و بابەتی تر لەسەر دانەوێڵە و بەروبووم بە هەموو شێواز و جۆرێک هەبووە و وەرگیراوە.

دیارە ئەوانەی ئەو کات لە کوێستانەکان ژیانی ڕەوندایەتیان بەسەر دەبرد لەو شاخ و داخە جەندرمەی تورک ئەوسەردەم لە کوێستانەکان بە دوایاندا دەگەڕان و بە زۆرەملێ پارەیان لە خەڵک دەستاند جا ئەوەی ڕەوندەکانی ژیانی خەڵکی ناوچەکە بووە زیاتر بە دوو شێواز باجی لێ وەرگیراوە وەک سەرانە بە مانای (لە سەر کەسەکە و ژمارەی خانەوادەکە حیسابی بۆ دەکرا) و مەڕانەش بە مانای باج لەسەر ژمارەی چەند سەر مەڕ و بزنە یان هەر ئاژەڵێکی تری هەیە جا ئەوەشیان بە مەزاجی ئەو جەندرمەیە بووە کە چووە بۆ شوێنەکە و گەر کەسەکە (لیرە و پارەشی) نەبوایە لە جیاتی لیرە و پارە مەڕ و مااڵتیان دەبرد بە زۆری زۆرداری (هەروەک ئێستاش pkkئەم سیاسەتە پەیرەو دەکات لە کوێستانەکان سەرانە و مەرانە لە ڕەوندەکان وەردەگرێ و لەوەش خراپتر ڕۆژانە باج لە هێلکەی مریشک وەردەگرن لەو شوێنانەی تێدانە ئەم کارە بە ئاشکرا دەکەن هەمان سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی پەیرەو دەکەن) ئەم بابەتە لە میژووی دەوڵەتی عوسمانی زۆر بە فراوانی هەبووە و نووسراوە و باسکراوە ئەوەی من مەبەستمە لەو بابەتەم گێڕانەوەی باسی میژووی ئەو سەردەمە نیە بەڵکو مەبەستم قسەی داپیرە (دورێ)یە کە وەک مەدح و سەنایێک باسی باوکی خۆی کردووە گوایە سەرانە و مەڕانەی نەداوە! کەواتە باجی نەداوە دیارە پرسیارێک دروستبووە و پرسیاریان لێکردووە و گوتراوە جا چۆن قبوڵ کراوە نەیدات؟ داپیرە دەڵێت لە ئەنجام سجن کراوە و بەاڵم هەر نەیداوە! جا پرسیار قوڵتر دەبێت گووتراوە دوای سجن کە نەیداوە چی لێکراوە؟ دەڵێت ئازار دراوە! جا دوایی چی لێکراوە؟ کورتی کەینەوە داپیرە دەڵێت باوکمیان دەبرد لەسەر بەفر دریژیان دەکرد روتیان دەکردەوە بەو سەرمایە بە جەلدە لێیان دەدا بەاڵم هەر نەیدەدا؟ دەڵێت لە کۆتاییەکەی زۆر ئازاری دەخوارد، بێ تاقەت دەبوو لێیان دەستاند!!! کەواتە باجەکەی دەدا تا نەجاتی دەبوو! هەروەها شتێکی زیاتریش لە خەڵک تێری لێدەدرا و ڕەزیل دەکرا وە نەخۆش دەکەوت و چەندین ڕۆژ دوردەکەتەوە لە مااڵ و منداڵی و کاتی بە فیڕۆ دەچوو مال و منداڵیشی بێتاقەت دەبوون کەواتە تا کۆتایی هەمووی هەر گرفت بووە.

گەر سەیر بکەین هەرچی عەقڵ و مەنتق هەیە لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا نیە و نەبووە چونکە لەکۆتاییدا باجەکە هەر وەردەگیرا و ئەوەی وای دەکرد زۆر ئەزیەتیشی دەخوارد و ڕەنگە بشمردبا بەهۆی ئازاردانەکە یان ئەو ئازارە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سەبر سەبر بێتە بەهۆی مردن لە کەسێکی تری لەو بابەتە گەر واش بوو کارکەر و گەورەی مااڵ مرد و خانەوادە هەمووی هیلاک بووە و سەرەڕای ئەو مردنەش مااڵ و سەروەتی لە دەست دەدا و خەرجیشی زیاد دەبێ لە جێی دینارێک دەیان دینار دەبێ سەرف بکرێ کەواتە خانەواده و میللەت و کەسوکاری هەمووی زەرەرمەندبوون و پووکانەوە, ئەم نموونەیەم بۆ ئەوە بوو گەر بەراوردی بکەین لە گەڵ حوکمرانی ئەو سەردەمەمان و زۆر نەچینە خوارەوە باسی (سەدام حسین) و عەقڵییەتی سەدام حوسێن بکەین کاتێک وڵاتانی زلهێز و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دراوسێ پێیان دەگووت دەبێ پەیرەوی یاسا و ڕێساکانی مرۆڤایەتی بکەیت! دەبێ لە سنووری ئەخلاقی دەرنەچی! دەبێ چەکی کوشندە بەکارنەهێنی! دەبێ مافی مرۆڤ بپارێزی! دەبێ ڕێز لە مافی دراوسێکانت بگری! دەبێ و دەبێ، بەاڵم سەدام چیکرد؟ مافی مرۆڤی نەپاراست، ڕێزی لە جیران نەگرت، چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا، لە هەموو یاساکانی مرۆڤایەتی دەرچوو ،دەرئەنجام لە بەرامبەر ئەم کارە (کۆمەڵگای نێودەوڵەتی) سنووریان بۆ دانا، کەچی نەخۆی ناسی و نە گوێی لە کەس گرت نە لە لایەنی خێرخوازی و ڕای گشتی گاڵتەی بە هەموو شتێک دەهات ڕۆژ بە ڕۆژ غرورتر دەبوو و قسەی دەکرد ئەوەبوو جاری یەکەم لێیاندا لە کوێت و بەهێز دەریان کرد و لە نێوان (100) ڕۆژ سوپای عێراقیان والێکرد کە لە سوپایەکی پلە (5)لەسەر ئاستی جیهان، سوپاییێکی لەرزۆک و بێ توانا کەچی سەدام هەر تێنەگەیشت تا وایلێهات لە لایەنی ئابووریش دراوی عێراقی (پارە) لە (300)سێسەد جار زیاتر بەهای خۆی لە دست بدات کەچی هەر تێ نەگەیشت ,هەمووان لە یادمانە لە ساڵانی شەڕی عێراقی و ئێرانی و کوێتی و عێراقی و ئەمریکی و عێراقی بێجگە لە شەری زیاتر لە (30) ساڵەی لەگەڵ بزاقی ڕزگاریخوازیی کوردی و شەڕی ناوخۆیی عێراقی چ شیعی یان سونی یان شەری هەموو بۆچوونە ئازادیخوازەکانی تر کەچی هەر تێنەگەیشت! لە کاتێکدا پارەی عێراقی بەر لە هەفتاکان و هەشتاکان هەر عێراق و کوێت بە بێ گوێدان بە یاسای بانکی جیهانی چاپیکرد ئەویش یەک ملیونی چاپ بۆ لە نێوان 17تا 50 هەزاری سویسری بەرامبەر بوو ئەمە جیاوازی سویسری لە گەل چاپی تەزویری عێراقی یەک بەرامبەر بە (60)بوو جا 18000(60 X300) = کەواتە بە چاپی تەزویر هەژدە هەزار جار دابەزی بەڵکو زیاتریش کەواتە عێراق لە ڕێگای ئابوریەوە وێران بوو نەیدەتوانی هەستێتەوە سەرپێ تا لە کۆتاییدا وایلێهات کە هەمووان وا دەیبینین کە ڕەنگە سەدەیەکی تریش وەک خۆی لێنەهێتەوە! دەرئەنجام سەدام ڕووخا عێراق وێران بوو لە هەموو بوارەکان بوو بە وواڵتێکی سونی و بونیاد واش پێدەچێ (100)ساڵی تریش نەکرێ ئەو عەقڵییەتە ڕەگەز پەرستییە و وێرانکاریە لە ناو ببردرێ تا ئەو ڕادەیەی سەدام لە مااڵ و منداڵی خۆشی تێکدا و شوێنێکی ئارام بۆیان نەما نەک لە عێراق بەڵکو لە جیهان کە بتوانن تێبدا بژین هەروەک دەبینین عەقڵییەتی سەدام لە نێوان 1990تا 2003 گەر سەیر بکەین هەمان سیناریۆیە لە ئێران دەبینین و ئێرانیش بە زمانی هەڕەشە قسە دەکات، عێراق دەیگووت مزدەوجم هەیە ئەو مزدەوجە گەنجەکانی عێراقی دروستیان کردیە و سەدام بە پێکەنین و گاڵتەوە بە خەڵکی پیشان دەدا، لە کاتێکدا ئەو کارەی دەکرد گەلی عێراقی لە برسان دەمرد، هەروەک گووتمان دینارێکی عێراقی (18000) جار بگرە زیاتریش بەرامبەر بە قیمەتی پێشووی نرخی دابەزیبوو سەربازی عێراقی جلی دڕاوی لەبەربوو، پارەی نان خواردنی لە گیرفان نەبوو، کەچی عێراق دەیگووت ئیسرائیل لە ناو دەبەین و ئەمریکاش لە ناوچەکە دەردەکەین لەو کاتانەی (عێراقی سەدامی) ئەم قسانەی دەکرد سەربازی عێراقی (22)دینار و 500 فلس مووچەی مانگانەی بوو کە یەک جەم نانی پێ دەخورا یان نا. لە کۆتاییشدا وایلێهات سەربازی عێراقی بە ئاشکرا دەڕۆیی دەکرد.

بەڵێ عەقڵییەتی سەدام حوسێن، جەیشی عێراقی لە ناوبرد بە دەڕۆیی خست حقد و دوژمنداری لە عێراق دروست کرد!! جەیشی عێراقی کرد بە داعش بەڵێ هەمووە هەڵەی سەدام و برسییەتی بوو ئەو کارەساتانەی دروست کرد کە بە سەدەیێکی تر وەک خۆی لێ ناییتەوە بەڵێ ئێرانیش داهاتی کرێکارێک هەر سی ڕۆژ کاربکات لە نێوان (65 تا 70) دۆلار تێناپەڕی خەڵک بە کۆڵە مەرگی دەژین و دەبێت بە کۆڵبەر، بەاڵم دەکۆژرێت سەبارەت بە سەربازی ئێرانی جل شر بێ دەرامەتن وەک عێراقی سەدامی کەچی وڵات خەریکی دروست کردنی ئەتۆمیە! شار بن ئاو دەکەوێ دەیان خانوو بەسەر خەڵکدا دادەڕووخێن ناتوانن خانوییێک بۆ لێقەوماوان دروست بکەن کەچی شەڕی ئازادیخوازانی سوری دەکەن دیفاع لە بەشار ئەسەد دەکەن! نانیان نیە بیدەن بە میللەت کەچی (حزب الله)ی لوبنانی بەخێو دەکەن! لە هەموو ناوچەکە کار دەکەن، یەمەن بەڕەو میژووی چاخی بەردین دەگەڕێنەوە لە هەموو شوێنێک کار دەکەن و چاو لە کوردی باشوور سوور دەکەنەوە بەاڵم پرسیار لە لێقەوماوانی وڵاتەکەی خۆیان ناکەن. گەلی ئێرانی خەریکە لە برسان بمرێ بەاڵم بانگەوازی شەڕی هەموو دونیا دەکەن و باسی ئازادی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دژ بە بۆچوونەکانیان دەکەن گوایە خۆیان پەیڕەوی دەکەن، بەاڵم ڕۆژانە چەندین ئازادیخوازی خۆیان بە ناوی جۆراوجۆر هەندێ جار بە بیانووی تریاک خۆری لە بەر چاوی دونیا لە سێدارە دەدەن! دونیا پێیان دەڵێ دەبێ بگەڕێنەوە نێو (مەحافلی دەولی)کەچی گاڵتە بە هەموو دونیا دەکەن و لە سەر حسابی میللەتی خۆیان، بەاڵم کار بۆ خەڵکی خۆیان ناکەن، ئاگایان لە جولەی هەموو دونیایە و لە هەموو شوێن کار دەکەن تا جێ پێی خۆیان خۆش بکەن بەاڵم تەنها جێی پێی خۆیان لە ناو گەلی ئێران خۆش ناکەن! وە هەمووی دەگووترێ، دەبینرێ، داوا دەکرێ ئاگادار دەکرێن کەچی وەک سەدام حسێن گاڵتەیان بە هەموو شتێک دێت و مێژوو ناخوێننەوە لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ئەمەشیان جیاوازی چیە لە گەڵ ئەو باپیرەی داپیرەمان کە (ئابڵوقەی لە سەر دانرا کەواتە سجن بوو کە نەوتی لێ قەدەغەکرا بفرۆشێ کەواتە مەڕو مااڵتی بێبەرهەم و بێ سەرپەرشتی کاربوو بوو کە ئازاردرا کەواتە میللەت هیلاک بوو کەواتە وەک باپیرە زامدار بوو کە ڕێگای کەلوپەلی پێ نەدرا، کەواتە وەک باپیرە لە سجن برسی بوو خوا نەخواستە گەر ئێران تووشی شەڕبوون کەواتە لە سەر بەفر دریژ کران جەلدە کران) ئەو کاتەش کار لە کار دەترازێ وەکو باپیرە باجیان لێ دەسەندرێ.

جا هیوادارین هەڵەی عێراق، ئێران تێی نەکەوێ، بە داخەوە وەک دەبینرێ لە هەموو قۆناغەکان وەک عەقڵییەتی عێراق ڕۆیشتووە خۆزگە لە قۆناغی ئەخیریش پێش جەلدە لێدان نەکەونە هەمان چاڵی سەدامییەکان و خۆیان خۆیان ڕێکخەن نەک جەلدەی سەر تاشە بەرد و بەفری کوێستانان ,ئەو گەمەیە ئاسان نیە گەر باش بیریکەنەوە لە وەزعی عێراقییەکان حەق نیە بە هیچ شێوەیەک بەرپرسانی ئێران پێ بخەنە ناو هەمان چاڵی دۆراوی سەدامییەکان لە کۆتاییدا دەڵێن مێژوو بۆ خۆینندنەوەیە بۆ پەندە، نەوەک بۆ حکایەت و بەر ئاگردان و نووسین لە لاپەرەی پەراوەکان.





پەروین ڕەمەزان دوسکی

هەرێما کوردستانێ دەروازەیەک بۆ بازارێن جیهانی

ئەزمونا حوکمی ل هەرێما کوردستانێ دەسپێکر پشتی چەندین ڕویدانێن عیراقی ونیڤدەولەتی ڕویداین، وهەمیا پێکڤە کاودان ودەریڤەکا گونجای پەیداکر بۆ گەلێ کوردستانا عیراقێ داکو دەزگەهێن خۆ بێن سیاسی بدامەزرینیت. گرنگترین ڤان ڕویدانا کوچا ملیونی بوو یا گەلێ کوردستانێ پشتی سەرهلدانا پیڕوز ل هەیڤا ئادارا 1991، ئەڤ کوچە وەرچەرخانەکا دیروکی بوو بۆ هەرێمێ، چونکی بوو ئەگەرێ دەرچوونا بڕیارا جڤاتا ئاسایشێ ژمارە 688ل 5/4/1991، وپێرابوون وبڕیارێن نیڤدەولەتی بێن دویڤدا هاتینە وەرگرتن ژلایێ دەولەتێن هەڤپەیمان بۆ مایتێکرنێ ل عیراقێ بۆ پاراستنا گەلێ کورد ژحوکمەتا سەدامی، وەکی دامەزراندنا دەڤەرەکا ئارام لباکورێ هێلا پەحنیێ 36بڕێکا پروسەیا دابینکرنا ئارامیێ ((operation of provide comfortکو هاتە بجهئینان بڕێکا دوو پێرابوونا: دامەزراندنا دەڤەرەکا ئارام (safe haven) وفەرزکرنا قەدەغەیا ئەسمانی لباکورێ هێلا پەحنیێ ?36وهەروەسا دەولەتێن هەڤپەیمان قەدەغەیا ئەسمانی بهێزتر لێکر بڕێکا دامەزراندنا بنگەهەکێ لەشکەری ل تورکیا دگوتنێ چەکوچێ ئاماده (poised hammer).

ل سالێن ڕابردوو دا ژی دبینین ئەمریکا پەیوەندیەکی دوستانە و دریژخایەن دگەل هەرێما کوردستانێ هەبویە و ل دەسپێکا سالێن 1991هەتا نها پشتگیریەکا زور ل هەرێما کوردستانێ کریە و هەروەسا ڤێ دوماهیێ ب تایبەت ل شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دا، هوکارەکی سەرەکی هەبویە بو ژناڤبرنا تیرۆریستان و هەروەسا هەرێمی کوردستان و ئەمریکا د وان سالانە دا بەرگری ل ئازادی و دیموکراسی و ئاشتەوایی کریە، و هەول دایە پێکڤەژیانی ئایینی و نەتەوەیی ل هەرێما کوردستانی و ئیراقێ دروست ببیت. هەروەسا هەمی دەمێ ئەمریکا هەول دایە کو کێشەیێن دناڤبەرا حکومەتی فیدرالی ئیراق و هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەت و نها پەیوەندییێن وان بەرەڤ باشتر دچن و ئەڤە دەسپێکا قوناغەکا نوی دبیت کو وان ئاریشانە لسەر بنەمای دەستوور و فیدرالی بهێتە چارەسەر کرن.

ل ڕێ و ڕەسمی ئیمزاکرنا یاداشتنامەیا لێک گەهشتنا بازرگانی د ناڤبەرای کوردستانی و ئەمریکا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکێ هەرێمی کوردستان، دگوتارا خو دا باسی ڤێ چەندێ کر کو دێ هەول دەین هەرێمی کوردستان ببیتە هوکارەک بو بازارەکی مەزن کو ئیراق ژی بشێت بکار بینیت، ئانکو دەروازەیەک بو بازاری جیهانی.

پەرەپێدانی چالاکی ئابوری و بازرگانی ل هەرێمی کوردستان، بتنێ پروسەیەکی ئابوری و بازرگانی نیە، بەلکو ئاڤەدانکرنەوە و بنیاتنانی ژیان و مروڤی یە.

ئیمزاکرنا یاداشتنامەیا لێک گەهشتنا بازرگانی د ناڤبەرای کوردستانی و ئەمریکا کارەکی پێدڤیە، چونکە ژووری بازرگانیی ئەمریکا مەزنترین بزنسی جیهانێ یە، و زورتر ژێ (100) نڤسینگەها ل جیهانێ دا هەیە، و دەرگەهێ زورتر ل سێ میلیون کومپانییێن ئەمریکی، ب سەر هەرێمی کوردستان و ئیراق دا دکەنەوە و لێرە دا ژی بازارەکی مەزن بو کومپانییێن ئەمریکا دروست دبیت.

هەرێمی کوردستان ژلایێ وەبەرهینان و سەرمایەگوزاری دا، گەلەک یا سەرکەڤتوو بویە ل وان سالێن بوری دا، ل سەرانسەرێ ئیراقێ دا، و هەردەم هەرێمێ کار کریە کو یاسای وەبەرهینان سەردەمیانە و گەرەنتیی وەبەرهینان بیت و یاسایەک کو بشێت زور سەرمایە و وەبەرهینانی بیانی بهێنیتە هەرێمی کوردستان و چالاکیی ئابوری و بازرگانی زورتر بهێتە ئەنجام دان. هەروەسا گرەنتیا هندێ کو مافێن وان ژلایێ مەڤە دهێنە پاراستن.

* ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک).

کوردستانییوونی کەرکووک لە هزر و فەلسەفەی (مستەفا بارزانی)دا

بارزانیی نەمر: گرینگ لای ئێمە چەسپاندنی سنووری جوگرافیای کوردستانە لە خاکی عێراق





4 کۆتایی

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەڵگەنەویستە کە شاری دێرینی کەرکووک بەپێی بەڵگەنامە مێژوویی کۆن و نێودەوڵەتییەکان ئەسڵ کوردستانییە، ئەو راستییەش دەسەلمێنن کە هەر لە مێژە کەرکووک دانەبڕاوە لە جەستەی کوردستانی دایک و لە ناخی سەرجەم تاکەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە. سەرۆک مستەفا بارزانی مەزنترین شۆڕش (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول)ی کردە قوربانی کوردستانییەتی کەرکووک و لە سەرجەم دانوستاندن و گفتوگۆی شاندە فەرمییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی مەرکەزیدا، بارزانیی نەمر بە وتەیەکی بەنرخ و پیرۆز و شایستە، بە بەڵگەی زیندوو کوردستانییوونی ئەو شارەی دەسەلماند. لەم روانگەیەوە هەوڵمداوە لە رێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییوونی ئەو دەڤەرە لە زاری چەند دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو.

* پرۆفیسۆر د. شوکریە ڕەسووڵ، لە وتارێکدا دەنووسێت: بیرکردنەوەی بارزانیی نەمر بەرانبەر بە کورد ئەوەبوو هەمیشە حەزیکردووە کورد وەک هەر میللەتێکی ئازاد بە ئاشتی و ئازادی بژی و زوڵمی لێ نەکرێت، سەروەت و سامانی لێ زەوت نەکرێت، وەک دەڵێت: ئامانجی من ئاشتییە لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەمەرجێک کوردی عێراق بە مەزڵومی نەمێنن. لەم وتەیەی بارزانیدا ئەوە دەردەکەوێ کە بارزانی وەک زاتێک بڕیاری ئەوەی داوە ژیانی خۆی بە ژیانی نەتەوەکەی ببەستێتەوە و فەلسەفەی کوردایەتی خۆی بەشێوەیەکی توند بچارەنووسی میللەتەکەی گرێ بدات، هەروەک (هانز کۆهن) دەڵێت: نەتەوایەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە بڕیاردانی زات لە ژیانی کۆمەڵێکدا بۆ خزمەتی نەتەوە و بەرزکردنەوەی زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی، یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانی شۆڕش و خوێن ڕشتن کەرکووک بووە جێگەی مشت ومڕ و کێشەیەکی ئاڵۆز.. هیچ کاتێک بارزانی نەبوون واز لە کەرکووک بهێنن و لە کوردستانی دابڕێن. لە لایەکی تریشەوە ڕژێمی داگیرکەریش بۆ بەرژەوەندیی "زێڕی ڕەش" نەیویستووە دەست لە کەرکووک هەڵبگرێ، بەڵای بارزانییەوە دەست هەڵگرتن لە کەرکووک دەست هەڵگرتن لە ژیانی خۆی بووە، ویژدانی هەرگیز ڕێگای نەداوە کەرکووک پشتگوێ بخات وەک بەکردەوە و بە وتەکانی سەلماندی.. (ئەز ناتوانم لە بەرانبەر نەتەوەکەمدا بەرپرسی حاشا کردن لە کەرکووک بم).

کێشەی کەرکووک و هەڵوێستی بارزانی بەرانبەر بە کەرکووک چووەتە یاداشتەکانی پیاوانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەوەتە (مورتەزا سەعید عەبدولباقی) دەڵێت: هەمیشە لەگەڵ بارزانی مشتومڕمان لەسەر کەرکووک بووە. هەموو ڕێگەیەکمان چ وەک دابەشکردن یاخود سەرژمێرکردن لەگەڵ بارزانی گرتەبەر و سوودی نەبوو. بارزانی پێی وتم: کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان، ئەگەرهاتوو لە سەرژمێریدا دەرکەوت کە زۆربەی دانیشتوانی کەرکووک کوردنین ئەز باوەڕم بەوە سەرژمێرە ناکەم.

سوور بوونی بارزانی لەمەڕ مەسەلەی کەرکووک هەمیشە بۆتە قسەوباس و کۆڕی ناو مەجلیس.. ئەوەتە بارزانی لەبەردەم پۆلێک قوتابیدا بەم وتە بەنرخانە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا دەکات: (من نە ئێستا و نە پاشەڕۆژ ڕازی نابم بە مساومە و تۆمەتی نەفرەتی مێژوو ناخەمە سەر ڕووی خۆم. ڕۆژی قیامەت بەسەربەرزی ڕووبەڕووی خوای خۆم دەوەستم و ئەمە بە باوەڕەوە پێتان دەڵێم: من باوەڕم بە فۆڕمالیزم و بەناو نییە، گرینگ لای ئێمە چەسپاندنی سنووری جوگرافیای کوردستانە لە خاکی عێراق، ئەمەش مافێکی سروشتی خۆمانە).

بەڵای بارزانیی نەمرەوە نە مرۆڤ بێ دڵە و نە نەخشەی کوردستانیش بێ کەرکووک دەبێت، بارزانی زۆرجوان بۆ ئەوەچووە کە خۆشەویستی شوێنی هەر دڵە کە ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێ. ئەگەر دڵ نەبوو مرۆڤیش نابێ هەر بۆیە کەرکووکی خستە ناو دڵی کوردستان و دەیفەرموو: کەرکووک دڵی کوردستانە، بارزانی لەوە تێگەیشتبوو دەسەڵاتی ڕژێم و وڵاتە ئیمپریالیزمەکان هەرگیز ڕازی نابن واز لە بەرمیلێک نەوت بێنن، بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو قیمەتێکی پەوشتی دەفرۆشن و عەدالەتیش پشتگوێ دەخەن و پشت لە میللەتی چەوساوەش دەکەن. هەر لەم ڕووەوە بارزانی دەڵێت: زۆر ئاسانە یەک ملیۆن تەن عەدالەت بە بەرمیلێک نەوتی بفرۆشێت. هەستی کورایەتی و لێپرسینەوەی مێژوو بارزانی هەمیشە سووربوو لەسەر چەسپاندنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دیاریکردنی کە ئەمە خۆی لەخۆیدا قەوارەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردان لەو ناوچەیەدا دیاری دەکات. لە بارزانی یان پرسی سنووری کوردستان تا کوێیە؟ لە وەڵامدا گوتی: سنووری کوردستان تا قەبرەکەی (حەمە عەلی کوردیە). حەمە عەلی کوردە کوردێکی ڕۆشنبیری دڵسۆزی کورد بووە، لەسەر وەسیەتی خۆی لەسەر سنووری باشووری کوردستان نێژراوە کە جەبەل حەمرینە.

بارزانی ساڵی 1971جارێکی دیکە هۆش و هەستی کورد دەبزوێنێ و پێ لەسەر کەرکووک دادەگرێت و ئامادەی شەڕکردنی لە پێناو ڕاستییەکی مێژوویی دەردەخات و دەڵێت: (10) ساڵ لە پێناو خودموختاری جەنگاین، پێنج ساڵی تر توانای شەڕمان هەیە لەپێناوی کەرکووک بجەنگین ئەگەر ویسترا.

لە کاتێکدا ڕژێمی بەغدا پیلانی کوشتنی بارزانی دانا لە ڕێگەی چەند مەلایەکی بەناو ئایین پەروەر هەموو گیانیان کەرەستەی تەقینەوە بوو. خودا زوڵمی ناحەق قبوڵ ناکات زانی بارزانی کوردپەروەر و خاوەن ئیمان و باوەڕە کەرەستەی تەقینەوەکە بەسەر مەلاکاندا تەقینەوە و تەنیا بارزانی و دکتۆر مەحمود عوسمان بەشێوەیەکی سەرسوڕمان ڕزگاریان بوو، مەکتەبی سیاسی بڕیاری تۆڵە سەندنەوە و شەڕ هەڵگیرسانی دا. بەڵام بارزانی ڕازی نەبوو شەڕ لەسەر ئەو بکرێت و فەرمووی: ئەگەر لەسەرمن شەڕ دەکەن مەیکەن، لەسەر کەرکووک شەڕ بکەنەوە. ئاوا ڕژێم ویستی لە ژێر پەردەی ئایینەوە ئەو ڕابەر و سەرکردە و مرۆڤ و کوردپەروەر و ئاشتیخوازە لە خواتەرسە لە ناوبەرێ، نەیزانی حەق و ڕاستی و عەدالەت لای بارزانییە.

* مەلا نووری ئاغجەلەری، لە کتێبی بیرەوەرییەکانم - لەنێوان بیستن و بینیندا، دەنووسێت: سەرەتای 1959مەلامستەفا دەستی بەسەردانی شارەکانی کوردستان کرد، ئەوەدەمە لە کەرکووک بووم. دانیشتووانی شارەکە بە کورد و عەرەب و کەمەنەتەوەکانی تردەوە پەرۆشی دیتنی بارزانی بوون. خەڵک بۆ پێشوازی، بە پێ و بە سواری ئەسپ و وڵاخ و ئوتومبێل خۆیان گەیاندە شارۆچکەی (خالص). دانیشتوانیدێهاتی نزیک بەغدا، ئەمبەر و ئەوبەری جادەکانیان گرت. کاتێک چاوی بە وەفدی کەرکووک کەوت، بەتایبەت خواێخۆشبوو حاجی مەلا عومەر و مەلا عەبدولەجید قوت، دەموەدست لە ئوتومبێلەکەی دابەزی و چووە لایان و دەست و مۆچی لە گەڵداکردن. کە کاروانەکەی گەیشتە شاری کەرکووک، خەڵک هوتافیان بۆ ژیان و مەردایەتیی کێشا، لە هەنداً شوێن ئوتومبێلەکەیان هەڵگرت. لە ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا دابەزین. ڕۆژی دوایی ڕوویکردە شاری سلێمانی. شار بۆی خرۆشا، گەورە و بچووک چاوڕوانییان لەیەکتر کرد و بۆ پێشوازیی ڕژانە سەر شەقامەکان، لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود دابەزین.

پاشتر چووە سەر گۆڕی محەمەد قودسی لە گردی سەیوان و گڵکۆی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمود لە مزگەوتی گەورە.

ڕۆژی دوایی، ئێمە کە چەند مامۆستایەکی ناوەندیی سلێمانی بووین و ئاەزووی دیتنی بارزانیمان دەکر، خواێخۆشبوو نووری ئەحمەد تەها دیتنەکەی بۆ سازکردین لە ماڵی شێخ لەتیف. چەندەها پیاوماقوڵ و گەورە پێشوازیی میوانەکانیان دەکرد. مامۆستا مەحمود ئەحمەد نزیک بە تەلەفونەکە دانیشتبوو. شەش تا هەشت ئەفسەری پلەبەرزیش لە دەوری بارزانی بوون.

پاش بەخێرهاتنەوە و دەست گوشین و ماچکردن، بەڕێزی پرسیاری سەبارەت بە خوێندن و قوتابیان و دواناوەندی کرد کە تا چ ڕادەیەک پێوستییەکانیان دابین کراوە. وا دەرکەوت لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی گەیشتبێ.

* د. گۆنتەر دیشنەر، سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانی و ڕەفتاری ڕژێم لەسەر کەرکووک دەڵێت: سیاسەتی بەغدا بەرانبەر بە کورد دیاربوو تا دەهات زیاتر گوشاریان دەخستە سەریان و ژیانیان تاڵەبارتر و سەختتر دەکرد، ناوچەکانی کەرکووک و موسڵ و خانەقین بەعەرەب دەکران و خەڵکی کوردیان لەو ناوچانە دەردەکرد، ئەم ڕوالەتە زۆر بەزەقی دەبینرا و ئەمە بوو سیاسەتی سەرەکی بەغدا، بۆیە بارزانی بڕیاری دا کە دەبێ بۆ هەمیشە کۆتایی بەم سیاسەتەی بەغدا بهێنرێ، بارزانی دەیبینی کە چۆن بەش بەش خاکی کوردستان لە کوردستان دەقرتێنرێ و ئەو شوێنانەی کە نەوت و کانگای تری بەنرخیان تێدایە لەگەڵ زەویيە گرینگەکانی کشتوکاڵ بەعەرەب دەکران، بارزانی نەی دەتوانی ئەمە قبوڵ بکات.

ئەنجام:

بێگومان لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی کە مستەفا بارزانی بەڵێتاتوویی و کارزانی و هۆشیاری خۆی، لەنێو هەستێکی پڕ لە لێپرسراوێتی نەتەوەییدا ئەو وتانەی سەبارەت بە کوردستانییوونی شاری نەکەن و کوردستانییوونی کەرکووک بپارێزن.

کەواتە بارزانی توانیویەتی کەلەپوورێکی گەورەی هزر و فەلسەفی لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێت و وتە و شاکار و هەڵوێستەکانی ببنە دروشمێکی سیاسیی و دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی تا بۆ ئەمڕۆی گەلی کورد سوودبەخش بێت و پەند و وانەی لێ وەربگیرێت..

بۆشمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی بارزانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی بووە و لە هەمان کاتدا چەسپاندنی قەواڕە و کیانێکی سیاسیی بووە بۆ گەلی کورد و کوردستان و پاشەڕۆژیش بەشێوازێکی تر، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر ناخایەنێ و کەرکووکی دڵی کوردستان دەگەڕێتەوە باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستان، هەر لەو سەروبەندەیشدایە کە سەرۆک مەسعود بارزانی سەددەر سەد درێژەپێدەری ڕێبازی بارزانیی باوکە و بەهیچ جۆرێ ئامادە نییە کە سازش لەسەر بستە خاکێکی کوردستان بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە بکات، چونکە بارزانیی باوک وای فێرکردین کە دەبێت هەمیشە گیانمان فیدای کورد و کوردستان بکەین و، نابێ و ناکرێ هەرگیز سازش لەسەر بستە خاکێکی کوردستان بکەین، لەو سەروبەندەشدا قوتابخانەیەک و ڕێبازێکی درێژخایەنی بۆ بەجێ هێشتین کە دەبێ هەموان تێیدا فێری وانەی کوردایەتی ڕەسەن بین و پارێزگاری لە خاک و ئاو و زێدی باو و باپیرانمان بکەین، بەردەوام و ئازایانە داوای ماف و ئازادییەکانمان بکەین و بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بکەین. لە هەمان کاتیشدا لە هیچ گروپ و لایەن و کەسێکی کوردیش قبوڵ نەکەین خاک بفرۆشێت یا سازش لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بکات.

کەواتە دەکرێ بڵێین (بارزانی) سیمبولی نەتەوەییە، هەروەک سەرکردە و ڕابەرانی دیکەی گەلانی جیهان چۆن (گاریبالدی) سیمبولی نەتەوە پارێزی ئیتالیایە و ژەنەرال (پێکزۆسکی) سیمبولی نەتەوایەتی پۆلۆنیایە و (بسمارک) هی وڵاتی ئەڵمانیایە و (پۆلیڤار) هی وڵاتی ئەمریکای باشوور و (هۆشی مینە) هی گەلی ڤیتنام و تاد.. (بارزانی)ش سیمبولی نەتەوەی کوردە، لێکۆڵینەوەکان و ناسینەوەی کورد بەخودی ئەو مرۆڤە لە ڕۆژگاریکدا کە زۆر کەم و لە هەندێ وڵاتدا هەر نەبووە کورد بناسێ.


بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی بارزانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی بووە و لەهەمان کاتدا چەسپاندنی قەواڕە و کیانێکی سیاسیی بووە، بۆ گەلی کورد و کوردستان



ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودیان لێ وەرگیراوە:

1- مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدە و بیست دا/ نووسینی: کریس کۆچێرا.
3- فەلسەفە و بارزانی- تارق فەتیق عەبدوڵلا/ نووسەر و ئەندازیار- کتێبی کۆنگرەی نەوەد ساڵەی بارزانیی نەمر.
4- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد -1961 1958نووسینی/ مەسعود بارزانی.
5- کتێبی/ کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر - بەشی یەکەم و دووەم ، 2003هەولێر، ئا/ مومتازحەیدەری، د.کوردستان موکریانی، د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس.
6- کەرکووک لای بارزانیی نەمر- نووسینی وریا جاف.
7- پرۆفیسۆر د. شوکریە ڕەسوڵ / مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین.
8- کەلەپوور و ڕێبازی بارزانیی نەمر لە تیۆری و پراکتیکدا لە نووسینی د. ناسیح غەفوور ڕەمەزان- کتێبی کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانیی نەمر/ بەشی یەکەم.
9- دکتۆر - عەبدولفەتاح بۆتانی/ باڵێۆزی بارزانی لە کۆماری عێراقدا. هەمان سەرچاوە.
10- فلیمی پێشڕەو/ ئا. د. نیاز لاجانی ژ د. ئەمراسیا و هەورامی.
11- بارزانیی نەمر قوتابخانەی پێشکەوتنخوازیی ئەخلاقی بەرزی کۆمەڵایەتی/ دکتۆر- کەوسەر عەزیز گەڵاڵی.
12- مستەفا بارزانی پێشەوای مەزنی گەلێکی ڕەسەنی ئاشقە ئازادییە/ نووسینی: (د. منژر الفچل) وەرگێڕانی- هیمەت کاکەیی/ گۆڤاری نەوشەق. ژ /13ئازاری/ .2004
13- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم - بەشی دووهەم/ نووسینی: مەسعود بارزانی.
14- چەند ویستگەیەکی گرنگی ژیان و تێکۆشانی بارزانیی نەمر/ نووسینی: (حەیدەر جەوهەر)، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین - ڕۆژنامەی خەبات. ژ . (3124) چوارشەمە /18/3/ 2009.

گرژییەکانی نێوان بەریتانیا و ئێران ڕوو لە هەڵکشانە



ئا: خالید گەردی

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، دەسەڵاتدارانی چیای تاریق بە یارمەتی هێزی دەریاوانیی بەریتانیا دەستیان بەسەر کەشتییەکی زەبەلاحی گواستنەوەی نەوتی ئێران "گریس "1و کابتن و یاریدەدەرەکەیی دوو کەسی دیکە لە تاخمی کەشتییەکە دا گرت ، ڕۆژی هەینی ڕابردوو دەزگای پۆلیسی چیای تاریق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:

هەر چوار دەست بەسەر کراوەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی هیندستانن بە گومانی گەیاندنی نەوتی خاوی ئێرانی بۆ پالاوتگەی بانیاسی سووریا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، کەئەمەش پێشێلکردنی سزاکانی ئەورووپایە لەدژی وڵاتی سووریا. ئەم ڕووداوە دوای ئەوە هات هەر ڕۆژی پێشتر بەریتانیا ئێرانی بە هەوڵدان بۆ ڕێگری کردن لە کەشتییەکی لە گەرووی هورمز تۆمەتبار کرد، لەمبارەیەوە بەریتانیا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، لەبەیاننامەکەدا هاتبوو، بەپێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی، سێ کەشتی ئێرانی هەوڵیاندا ڕێگری لە کەشتیەکی بازرگانی بەریتانیا بە ناوی "بریتچرهیریتج" بکەن کە خەریکی پەڕینەوە بوو لە گەرووی هورمز، هێزی دەریاوانیی بەریتانیا بۆ یارمەتیدانی کەشتییەکە ناچاربوو لەنێوان کەشتییە ئێرانییەکان و بەریتانیاکە لەنگەر بگرێت، هۆشداری بە کەشتییەکانی ئێران بدات تا لە کەشتییە بەریتانیەکە دووریان خاتەوە. هەندێ سەرچاوەکانی هەوالێش گوتوویانە فڕۆکەکانی ئەمەریکاش بۆ پاڵپشتی کردن لە هێزەکانی دەریاوانی پاشایی بەریتانیا بە ئاسمانی ناوچەکە سووڕاونەتەوە.هەرچی وڵاتی ئێرانیشە ئەو هەوالەی ڕەتکردەوە. دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکەشی لە چیای تاریق بە کارێکی نایاسایی و چەتەی دەریایی ناوبرد، عەباس موسەوی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەبارەی دەست بەسەرداگرتنی کەشتییە ئێرانییەکە لە چیای تاریق لەلایەن بەریتانیاوە ، ڕایگەیاند وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەبەر ئەم پرسە بانگهێشتی باڵیۆزی بەریتانیای لە تاران کردووە، بەرپرسێکی گەورەی پاسدارانیش هۆشداری داوە، ئەمەریکاو بەریتانیا لە گڵدانەوەی کەشتییە نەوت گوێزە ئێرانییەکە پەشیمان دەبنەوە.لەلای خۆیەوە جون بولتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە توێتەر، هەوالێ دەست بەسەرداگرتنی کەشتییە نەوت هەڵگرەکەی ئێرانی لەلایەن بەریتانیاوە بە هەوالێکی نایاب ناوبرد، گوتوویەتی گەیاندنی نەوتی ئێرانی بۆ سووریا پێشێلکردنی سزاکانی یەکێتی ئەورووپایە.وڵاتی ئیسپانیاش، کە خاوەندارێتی بەریتانیا بۆ ناوچەی چیای تاریق ڕەتدەکاتەوەو بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت خاوەنداریەتی ئاوی ئەو ناوچەیە بکات. جوسیب بوریلی وەزیری دەرەوەی لەبارەی ڕووداوەکە گوتوویەتی؛ ئێمە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین لەو ڕەوشەی تیایدا دەست بەسەر کەشتییە ئێرانییەکە گیراوە، ئاماژەی بەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوای لە بەریتانیا کردووە دەستبەسەر کەشتییەکە دابگرێت.بە پێی ئاژانسەکانی هەوالێ فەرەنسا ، جەنەرال مارک مایلی کە بۆ فەرماندەی ئەرکانی هاوبەش کاندید کراوە، لەبەردەم ئەنجوومەنی پیران جەختی کردۆتەوە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکیی لە ئازادی دەریاوانی لە کەنداو دەگێڕێت بۆ ئەم مەبەستەش لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانییەتێکە بۆ دابینکردنی هێزی دەریایی بۆ پاراستنی ئازادی هاتوچۆی کەشتییە بازرگانەکان، پێشبینیشی کردووە لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو دابینکردنی هێزی پاسەوانی کەشتییەکان دروست ببێت.

سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەواڵ




وێنەو کۆمێنت

لە ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکادا ترەمپ هەڵەیەکی مێژوویی کرد

ڕۆژی 4ی تەمموزی هەموو ساڵێک یادی سەربەخۆیی ئەمەریکایە ، ئەمساڵ جیا لە ساڵانی ڕابردوو ، حکوومەتی ئەمەریکا بڕیاری دا ڕێورەسمێکی سەربازی ڕێک بخات . لە ڕێورەسمەکەدا دۆنالد ترەمپ وتارێکی بەو بۆنەیە پێشکەش کرد . ئەوەی جێی سەرنج بوو ، ترەمپ لە وتارەکەیدا هەڵەیەکی مێژوویی کرد . ئەو باسی شەڕی سەربەخۆیی وڵاتەکەی کرد لە دژی بەریتانیا (1775- 1783) و ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمەریکا (ئەوکات) کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەکانی بەریتانیایان کرد ، لە کاتێکدا زیاتر لە سەدە و نیوێک دوای شەڕی سەربەخۆیی ، واتە لە ساڵی 1903فڕۆکە داهێنرا . واتە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا شتێک نەبوو ناوی فڕۆکەخانە و فڕۆکە .





سالی 1879:
بەندیخانەی باستیل کەوتە دەستی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا .



سالی 1958:
لە عێراق کودەتایەکی سەربازی ڕوویدا و کۆتایی بە سیستمی پادشایەتی هێنرا و شا فەیسەڵی دووەم و ئەندامانی خانەوادەکەی کوژران .



سالی 1978:
دادگایەکی سۆڤیەتی تۆمەتی سخوڕیکردن بۆ ئەمەریکای ئاراستەی ناتان شارنسکی کرد.



سالی 2002:
لە میانی بەڕێوەچوونی مەراسیمی 14ی تەمموزی سەربازیدا ، جاک شیراکی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا لە هەوڵێکی تیرۆرستی ڕزگاری بوو .



سالی 2015:
گرووپی 1+5و ئێران سەبارەت بە پڕۆگرامی ئەتۆمی تاران گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرتاسەری .



سالی 2016:
لە شاری نیسی فەرەنسا ئۆتۆمبیلێک خۆی بە خەڵکدا کێشا و لە ئەنجامدا 84کەس کوژران و 202کەسی دیکەش بریندار بوون .

www.xebat.net
یەک شەممە2019/7/14 ژمارە (5788)

لووتکەی ئۆساکا ..
گرنگترین ئەنجام و راسپاردەکان



ئا: هەندرین شێرزاد

رۆژی 28ی حوزەیرانی رابردوو، وڵاتانی گرووپی 20بە ئامادەبوونی 37وڵات و ڕێکخراو ، کۆبوونەوەی لووتکەی خۆی لە شاری ئۆساکای ژاپۆن ساز کرد ، ئەجیندای کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ژمارەیەک بابەت و دۆسیەی گرنگی وەک : لەوانە: ئابووری جیهان و ئافرەتان و گەشەکردن و بازرگانی و سەرمایەگوزاریی و داهێنان و تەندروستی و ژینگە و وزە و دۆسیەی دامەزراندن . کۆبوونەوەکە دوو رۆژی خایاند و ئامادەبووان لەسەر کۆمەڵێک بابەت ڕێککەوتن .



بازرگانی و ئابووری جیهان

ئامادەبووان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی نایەکسانی ڕێککەوتن ، هەروەها بڕیاریان دا سیاسەتی زیرەکانە بگرنە بەر لە پێناوی خۆپاراستن لەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی گەشەکردنی جیهان دەبنەوە . سەبارەت بەو ناسەقامگیریەش کە لە بواری بازرگانی و بابەتە جیۆسیاسیەکان سەری هەڵداوە ، بڕیاری دامەزراندنی یەدەگی دارایی دا بەمەبەستی زامنکردنی بەڕێوەبردنی قەرزە حکوومیەکان ، بەجۆرێک کە سیاسەتە دارایەکان ببنە مایەی جێگیرکردنی نرخ و بووژانەوەی ئابووریەکان . هاوکات سەرکردەکان ڕایانگەیاند کە لە پێناوی زیاتر دەنێن لە پێناوی ڕێگەگرتن لەوەی ئینتەرنێت بۆ کۆمەککردن و ئاسانکاری کردەوەی تیرۆرستی و تۆندڕەوی بەکار بهێنرێ .

سەرکردەی وڵاتانی گرووپی 20لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە ئەگەرچی دەبێ ئینتەرنێت بۆ هەموو کەسێک کراوە و ئازاد بێ ، بەڵام ناکرێ ببێتە پەناگەیەک بۆ تیرۆرستان ، بەڵام لەمەدا دەبێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و شێوازەکانی گەیشتن بە زانیارییەکان بگیرێ .

گەشەکردنی بەردەوام

سەرکردە ئامادەبووەکان ڕایانگەیاند کە کار بۆ ئەوە دەکەن لە پێناوی سوککردنی ئاستی هەژاریدا هیچ لایەک وەلا نەنرێ ، ئەمە وێڕای سەرمایەگوزاریکردن لە ژێرخانێکی شیاو و پتەوکردنی یەکسانی نێوان هەردووک ڕەگەز و دابینکردنی دەرفەتی کار و خوێندن و مەشق و ڕاهێنان .

هەڵپژانی زانیاریەکان

بەر لە دەستپێکی کۆبوونەوەکە ، سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن ڕایگەیاند کە بەنیازە بابەتی ئازادیی هەڵپژانی زانیاریەکان بخاتە نێو گفتوگۆکان . هەر لەو بارەوە ئابێ وتی : پێویستە توانای پاراستنی زانیاریە کەسێتیەکانمان هەبێ ، هاوکات پێویستە ئازادی هەڵپژان و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەش فەراهەم بکرێ کە پەیوەندیان بە ئامێرە پزیشکی و پیشەسازیەکانەوە هەیە. لە دوای کۆبوونەوەکەش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئامادەبووان تەنیا لەسەر زیادکردنی ئاسانکاری هەڵپژانی زانیاریەکان ڕازی بوون ، بە مەرجی ڕێزگرتن لە سنوورە یاساییەکان .

جیهانێکی دوور لە پلاستیک

یەکێک لە دەرئەنجامە پۆزەتیڤەکانی دیکەی کۆبوونەوەی ئۆساکا ڕازیبوونی ئامادەبووان بوو بە پێشنیازێکی ژاپۆن لەژێر ناوی دیدی ئۆساکا بۆ ئۆقیانووسی شین ، بەڵکو ڕێکخراوە ژینگەییەکان خۆشحاڵیەکی زۆریان پیشان دا و ڕایانگەیاند ئەمە دەستپێکێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پاشماوە پلاستیکیانەی فڕێ دەدرێنە دەریا و زەریا و ئۆقیانووسەکان . لە پێشنیازەکەدا باس لەوە کراوە کە پێویستە وڵاتان کار بۆ ئەوە بکەن کە تا ساڵی 2050ئاستی ئەو پاشماوە پلاستیکیانە بگەیەننە سفر .

دەربارەی گرووپی 20

ساڵی 1999بە مەبەستی بایەخدان و گفتوگۆکردن دەربارەی هەموو ئەو بابەتانەی تایبەتن بە ئابووری جیهان ئەم گرووپە دامەزراوە و ئەم وڵات و لایەنانە دەگرێتە خۆی : ئەرژەنتین ، ئوستراليا ، چین ، فەرەنسا ،بەرازیل ، شانشینی یەکگرتوو ، ئەڵمانیا ، هیند ، ژاپۆن ، مەکسیک ،باشووری ئەفریقیا ، ڕووسیا ، سعودیە ، تورکیا ، کۆریای باشوور ، کەنەدا ، ئەندۆنیسیا ، ئەمەریکا ،ئیتالیا ، هەروەها سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەورووپا

کۆبوونەوە و بارەگا و ژمارەی کارمەندان

گرووپی 20تا ئێستا خاوەنی بارەگایەکی جێگیری نیە ، هەروەها کارمەندیشی نیە . لە کۆبوونەوەی لووتکەی ساڵانەدا ئەندامانی گرووپ بە نۆرە کۆدەبنەوە ، هەروەها ساڵانە چەند کۆبوونەوەیەکی دیکەش ئەنجام دەدرێن . هەروەها لە ماوەی ساڵێکدا وەزیرانی دارایی و بەرپرسی بانکەکانی وڵاتانی ئەندام چەند جارێک کۆدەبنەوە .

ئامانجەکان

گرووپی 20بە مەبەستی هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەست پێکهێنراوە ، لەوانە:

پێشخستن و گەشەپێکردنی ئابووری جیهان .

چاکسازیکردن لە دەمودەزگا دارایيە نێودەوڵەتیەکان .

باشترکردنی سیستمی دارایی و پشتگیریکردن لە گەشەکردنی ئابووری جیهان .

دابینکردن و پەردان بە دەرفەتی کار .

کارکردن بە پێشنیازەکانی بازرگانی کراوە .

زیادکردنی ئاستەکانی گەشەکردن لە سەرجەم ناوچەکانی جیهان .

کارکردن بۆ جێگیرکردنی سەقامگیریی ئابووری نێودەوڵەتی .



مانشێت



سکای نیوز:
پۆلیسی جەبەل تاریق رایگەیاند کە سەرجەم کارمەندانی کەشتیە نەوتهەڵگرەکەی ئێرانی بە کەفالەت ئازاد کرد .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
کۆریای باکوور جەختی کردەوە کە بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی شەڕکەری ئەمەریکی لە کۆریای باشوور هەنگاوێکی مەترسیدارە و وا دەکات چەکی تایبەت بەکار بێنێ بۆ



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بەهۆی بەرگریکردنی لە سەرمایەدارێکی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی دەستدرێژی سێکسی ، ئەلکساندەر ئەکۆستای وەزیری کار لە ئیدارەی ترەمپ دەستی لەکار کێشایەوە



رادیۆی سەوا:
ڕێکخراوی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاو کردەوە تیایدا ژمارەیەک چەکدار ویلایەتی تورکیا رادەگەیەنن .



ئەی ئێف پی:
ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە ترەمپ لەوەی هێرش بکاتە سەر ئێران ، چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر .



کەنالی ئار تی:
لە پاریس نزیکەی 700پەنابەر خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و پۆلیس 40کەسی دەستگیر کرد .



پشیلە دڵسۆزترە یا سەگ؟


بە گشتی کاتێک کەسێک وشەی "دڵسۆزی" بەکاردێنێت پەیوەست دەکات بەوەی، کە وێنەی ئاژەڵێکی وەک سەگ لە میشکیاندا دروست بکەن و خۆی تەرخان کردووە بۆ خاوەنەکەی و بە دڵخۆشییەوە دوای خاوەنەکەی دەکەوێت و خۆی تەرخان کردووە بۆ خێزانەکە و بەباشترین هاوڕێ مرۆڤی دەزانن، ئەوان ئەم جۆرە بە دڵسۆزی دەزانن. لە ڕاستیدا هەڵە نین، بەڵام ئەمانە تەنیا ڕێگە نییە بۆ دەربڕینی دڵسۆزی، بە هەمان شێوە پشیلەش دڵسۆزن بۆ خاوەنەکانیان بەڵام بە جۆرێکی دیکە دەریدەبڕن لە .سەگەکان وەک گوورگەکان بە کۆمەڵ دەژین و مرۆڤەکان بە بەشێک لە خێزانەکەیان دەزانن، لە هەموو مەترسییەک دەیانپارێزن، هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵەکە پارێزگاری لە یەکدی دەکەن، و بە ئاسانی لەگەڵ مرۆڤ دەبن بە هاوڕێ.بە پێچەوانەی سەگەوە ، پشیلە تەنیا بە یەک مرۆڤەوە پەیوست دەبێت، بۆیە کاتێک پشیلەیەک دەهێنیتتە ماڵەکەتەوە شەرت نییە، کە بەتۆوە پەیوەست ببێت ، ئەکرێت بەکەسێکی دیکەوە بێت لە خیزانەکەدا ، بەڵام ئەگەر بە بەچکەیی بەخێو بکرێت ئەوا پەیوەست دەبێت بە خۆشەویستەکەی یاخود وەک خوشکو براکانی سەیر دەکات.لەبەر ئەوەی پشیلە پەیوەست دەبێت تەنیا بە یەک کەسەوە ، بۆیە کاتێک پشیلەیەک بەخێو دەکەیت، کە پێشتر خاوەنی هەبووە ، ئەوا چەند ئەستەنگییەک بۆ دروست دەبێت لەوانە ، پەرۆشی دوورکەوتنەوە لە خاوەنە کۆنەکەی، و کاتی دەوێت تاوەک متمانە بە تۆ بکات.لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین سەگ دڵسۆزن بۆ هەموو ئەندامەکانی خێزان. بەڵام پشیلە تەنها دڵسۆزن بۆ یەک کەس.

تۆوە و کەسەکانی دیکە فەرامۆش دەکات. دەکرێت پەیوەندی ببەستێت لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە، بەڵام هەستەکانی بۆیان دەرنابڕێت، ئەم فەرامۆش کردنەش پەیوەستە بە تەمەنی ئاژەڵەکەوە ، بۆ نموونە ئەگەر پشیلەکە تەمەنی بچووک تر بێت دەتوانێت ڕایبهێنیت پەیوەست ببێت پێتەوە هاتا ئەو کاتەی گیانی دەردەچێت، و وەک دایکێک سەیری خاوەنەکەی دەکات. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بتەوێت پشیلەیەکی گەورە بەخێو بکەیت و مااڵی بکەیت. ئەوا کاتی زۆری دەوێت، و تۆ وەک منداڵەکەی یاخود تۆ وەک



دۆزینەوەی ئەو ناوچەیەی میشک کە کۆنترۆڵی حەز بۆ خواردن دەکات

لە ماڵپەری دەیلی مەیلی بریتانییدا هاتووە، تۆیژەرانی ئەمەریکی سەرکەوتنیان لە دۆزینەوەی ئەو ناوچەیەی میشک بەدەسهێنا کە پێیان وایە ، ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنەیە کە بە تاکەکان دەڵێت برسێ یا خود نا ، ئەوان هیوادارن کە بە دەستکاریکردنی ئەو بەشە، کێشەی زۆر خواردن و یا کەم خواردنی تاکەکان چارەسەر بکەن .تۆیژەرانی زانکۆی ئاریزۆنا لە ئەمەریکا لە ماوەی توێژینەوەکانیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەشەی میشک کە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی حەز و ویست بۆ خواردن کە بە " ئامیگدالێ " ناسراوە ، ڕۆڵێکی گرنگیشی هەیە لە فێربوون و لەبەرکردن . لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە بۆ درککردن و دروستکردنی پرسیار و هاوسەنگی ئێش و ئازارەکان.تۆیژەران دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک لە سەر مشکەکان بۆیان دەرکەوتووە کە زۆربەی ناوچەکەکانی میشک پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە تا حەزی خواردن کۆنترۆڵ بکەن بەڵام بەشیی " ئامیگدالی میشک"، سەرکردایەتی هەموو پەیوەندییەکانی میشک دەکات . بۆیە، ئێستا تۆیژەران هیوادارن لە ڕێگەی ئەو تاقیکردنەوانە بەهەمان شێوە لە سەرکارایی میشکی مرۆکانیش هەمان تاقیکردنەوەی ئەنجام بدەن .



جینیفەر لۆپێزی روسی دەبێتە پێشەنگ

کچێکی روسی دوای بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی خۆی، بەهۆی جوانییە دڵرفێنەکەی و لەیەکچوونی زۆری لەگەڵ ئەستێرەی جیهانی جینیفەر لۆپێز ناو ناوبانگێکی زۆری لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروست کرد . ناو ناوبانگی نەتالیا ئەو کچە روسییە سادە و ساکارەی، کە خەڵکی شاری چیلیابینسکە کاتێک لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکرد ، دوای ئەوەی خانمە هونەرمەندی بواری جوانکاری یانا بانیفیلوفسکایا یەکەمجار دەیبینێت و هەست دەکات لەیەکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەکتەر و گۆرانیبێژی جیهانی جینیفەر لۆپێز ، بۆیە یارمەتی دەدات بۆئەوەی میکیاجێکی گونجاو دابنێت تاوەکو وەک وێنەیەکی کتومتی ئەو هونەرمەندە جیهانییەی لێبێت.دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی نەتالیا لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان "لۆپێز"ی ڕووسی ئۆفەرێکی زۆری بۆهات تاوەکو بێتە ناو جیهانی نمایشی جلوبەرگ ، ئەو بوارەش ئەو شتە بوو کە ئەو کچە جوانچاکە ڕووسە لەدڵەوە خۆزگەی بۆدەخواست .


چاپکراوی نوێ

چالاکییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە



کۆتایی کار و چالاکییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکان- بەشی دەرەوە 2018بە قەبارەیەکی گەورە و 86لاپەڕەیی بڵاوبووەوە، لە بەرواری 1/1/2018تاکو 31/12/ 2018چالاکییەکان لە سەرەتای ساڵی 2018دەست پێدەکەن تا کۆتایی ساڵ و بریتییە لە چالاکییەکان و سەردان و بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسەکان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وێنەی ئەو چالاکییانە، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان ژ بەشی دەرەوە هۆشیار سیوەیلی لە پێشەکیدا نووسیویەتی:"لە ماوەی ساڵی 2018دا مەکتەبمان توانیویەتی پەرە بە چاکییەکانی بدات و لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی کار و چالاکییەکانەوە هەنگاوی باش بەرە و پێشەوە بنێت"، دەست خۆشی لە هەڤاڵانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەکەین.

تیرۆری خۆراک



لەم ڕۆژانە کتێبی (تیرۆری خۆراک .. کوالیتی، سەلامەتی، ئاسایش) بە قەبارەیەکی گەورە و بەرگێکی قەشەنگ و 302لاپەڕەیی لە نووسینی د. حەکیم خۆشەڤی کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کتێبەکە لە شەش بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم خۆراک و کوالیتی خۆراک، بەشی دووەم سەلامەتیی خۆراک، بەشی سێیەم ئاسایشی خۆراک، بەشی چوارەم تیرۆری خۆراک، بەشی پێنجەم سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی پاکژی و کوالیتی خۆراک، بەشی شەشەم سیستەمی بەرگریی خۆراکی. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

پێڕیستی ئەو شیعرانەی پێڕیستنین



چاپی دووەمی کتێبی (پێڕیستی ئەو شیعرانەی پێڕیستنین زز لە وەڵامی عێراقچێتیەکەی زێوەردا) بە قەبارەی مام ناوەندی و 75لاپەڕەیی لە نووسینی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کەوتە بەر دیدی خوێنەران، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.



کۆمپانیای نینتیندۆ یاری Dr.Mario ی بۆ ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس ڕاگەیاند

لەپاش چەند کاتژمێرێک لەدواخستنی بڵاوکردنەوەی یاری Mario Kart بۆ هاوینی داهاتوو بۆ ئەوەی باشتری بکەن، هەر لەو میانەدا یاریەکی نوێی ڕاگەیاند بەناوی ماریۆی پزیشک .Dr Mario.

شایەنی باسە نینتینتۆ لەڕاگەیاندنێکی فەرمیدا ڕایگەیاند بەهاوکاری کۆمپانیای Lineی یابانی هەستاوە بە پێشخستنی یاریەکی مەتەڵی نوێ بەناوی Dr. Mario World کە بڕیارە لە هاوینی 2019 بەردەست بێت وەکو سەرەتا لە یابان و ئەمریکا بەردەست دەبێت پاشان بۆ وڵاتانی تر بەردەست دەکرێت.جێی ئاماژە پێدانە یاریەکە بێ بەرامبەر دەبێت بۆ هەردوو وەگەڕخەر بەڵام پێڕیستت بەپارە دەبێگ بۆ بڕینی هەندێک لەقۆناغەکان کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەیە هەروەکو یاریەکانی تری ئەو کۆمپانیایە .یاریەکە پشتگیری زمانەکانی یابانی و ئینگلیزی و هەندێک زمانی تر دەکات.





گریزمان لەیەکەم لێدوانیدا دوای چوونی بۆ بەرشلۆنە

ئینتوان گریزمانی هێرشبەری فەرەنسی لەیەکەم لێدوانیدا دوای چوونی بۆ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، رایگەیاند و گوتی: ئێستا کاتی ئەوەیە بە رازی بوونی چارەنوسێکی نوێ.یانەی بەرشلۆنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بەفێدیۆ وتەکانی گریزمانی بڵاوکردیتەوە، ئەو هێرشبەرە تازەیەی کەتالۆنیا دەڵێت: لە کۆتاییدا ڕێگاکانمان دیاری دەکرێت، بەهەموو توانا و ئیلتزامێکمەوە بەرگری لە درێسی بەرشلۆنە دەکەم.





هەوڵێر پاڵەوانێکەتی ڕۆژئاوای ئاسیا لە ئامێزدەگرێت

کرووس: ڕۆنالدۆ زۆری هەراسانی دەکردم

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

سوریا ،یەمەن، فەڵەستین، لەکۆمەڵەی یەکەم، دەکاتەوە.

ڕۆژنامەی asی ئیسپانی دووپاتی کردەوە کە یانەی ریال مەدرید پلانێکی تازەی پەیڕەو کردووە بۆ ئەوەی خزمەتەکانی پۆل پۆگبای فەرەنسی بەدەست بهێنێت، پلانەکەش هەمان ئەو تەکتیکەیە کە بەرشلۆنە ئێستا بەکاری دەهێنێت بۆ هێنانی نایمار بۆ کەتالۆنیا.

ڕۆژنامەکە دەڵێت: ریال مەدرید چەکی هیمنی و دانبەخۆداگرتن بەکاردێنێ، کە بەچەکی بەرشلۆنە ناسراوە بۆ ئەوەی مان یونایتد والیبکات داوای پارەیەکی زۆر نەکات، ئەمەش پلانێکی سەرکەوتوو بووە تا ئێستا بەرشلۆنە پەیڕەوی کردووە بۆ ڕێکخستنی بودجەی یانەکە و لەبەرهەدەرنەدانی پارەدا.

هەڵبژاردەکانی کوەیت، ئەردەن،سعودیە، بەحرین لەکۆمەڵەی دووەم، سەرجەم یاریبەکانی کۆمەڵەی دووەم لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان بەڕێوەدەچێت، هەروەها یاریبەکانی کۆمەڵەی یەکەمیش لەشاری کەربەلا بەڕێوەدەچێت، ماوەی پالەوانیەتیەکە 14ڕۆژ دەخایەنێت و یاریگای نێو دەوڵەتی فرنسۆ هەریری ئامێز بۆ یاریبەکانی کۆمەڵەی دووەمی پالەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ ساڵی 2018-2019.

جێی ئاماژە بۆکردنە ڕۆژانە دوو یاری ئەنجام دەدرێت و یاریبەکان لەکاتژمێر 7؟30و 10؟30بەکاتی شەو، یەکەمی ڕێزبەندی هەر کۆمەڵەیەک ڕاستەوخۆ دەچێتە یاری کۆتایی ، دوو هەڵبژاردە یاری کۆتایی ئەنجام دەدەن و براوەی یاریبەکە دەبێتە پالەوانی تۆپی پێی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ وەرزی 2018-2019.

بڕیارە لەکۆتایی ئەم مانگە پالەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی پێ لە هەردوو شاری هەولێر و کەربەلا بەبەشداری 9هەڵبژاردەی ولاتانی عەرەبی بەوڵاتی عێراقەوە دەستپێبکات.

پالەوانیەتیەکە لە 30/7دەستپێدەکات و لە 8/ 14کۆتایی دێت، لەپالەوانیەتیەکەدا 9هەڵبژاردەی عەرەبی بەشداری تێدا دەکات کە بریتین لە هەڵبژاردەکانی عێراق، لوبنان،



40 فێرخواز لە فێرگەی تۆپی پێی ناوەندی وەرزش و لاوانی تەق تەق

فێرگەی تۆپی پێی ناوەندی وەرزش و لاوانی تەق تەق یەکەم فێرگەی خۆبەخشییە لە سنورەکەداو بەبێ بەرامبەر ڕۆژانە ڕاهێنان بە (40) فێرخوازی وەرزشی تۆپی پێ دەکات ، لەو بارەیەوە ڕێبین عەلی لێپرسراوی ناوەندی وەرزش و لاوانی تەق تەق ئەم فێرگەیەدا بەبێ بەرامبەرو بەخۆبەخشی واتە جیاواز لە گشت فێرگەکانی تر ڕۆژانە لەلایەن مامۆستایانی بەتوانا ئالان عاسی و محەمەد باسل لە هۆڵی داخراوی ناوەندەکەماندا وانەکان دەڵێنەوەو سەرجەم وانەکانیش لەسەر بنەمای زانستی وەرزشی و پەروەردەیین ، ئاماژە بەوەش دەکات کە سەرجەم پێداویستییەکانی ئەم فێرگەیە لەلایەن ناوەندی وەرزش و لاوانی تەق تەق دابین کراون کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێرە، لێپرسراوی ناوەندەکە دەڵێت: فێرگەکەمان بەشداری چەندین خولی فێرگەکانی کردووە و ئەنجامەکانیش دڵخۆشکەر بوون.

ڕێبوار هەورامی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 14. Jul. 2019 No: (5788)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





هەولێر.. شەربەتفرۆشی گەڕۆک

هەژار محەمەد بە فرۆشتنی شەربەتی «تەمەرهندی» بژێوی ژیانی پەیدا دەکات

هەژار دوای ئەوەی بەهۆی جەنگەوە لە دێهەشق پایتەختی سووریا دەستبەردار ژیان و پیشەکەی دەبێت کە فرۆشتنی شەربەتی تەمەرهندیە و لە باپیرەوە فێری بووە، ئێستا و ماوەی حەوت ساڵە لەبەردەم قەڵای هەولێردا دژێرە بە پیشەکەی دەدات.رایگەیاند،دوای سەرهەڵدانی جەنگ، ماوەی نزیکەی حەوت ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپی قوشتەپەی هەولێر نیشتەجێن.

- شەربەتی تەمەرهندی بە هەولێر ناساند

هەژار ئاماژەی بەوەدا کە هاوینان وەک پیشەی باپیریان لە دێهەشق کاری شەربەتفرۆشی گەڕۆکیان کردووە و ئێستاش هاوینان لە کەمپەکە و هەولێر کە بەمانگی خۆیانی دەزانن،ئەو کارە دەکەن.هەژار دەڵێت: "کاتێک هاتمە ئێرە، بڕیارمدا دژێژە بە پیشەکەم بدەم. چونکە شەربەتفرۆشی گەڕۆکی تەمەرهیندی لێرە نەبوو. لەبەرئەوە خەڵکی دەیانەوێت بزانن چییە. لە کەمپەکە شەربەتەکە حازردەکەم و لە بازاڕ دەیفرۆشم".ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە کاری شەربەتفرۆشی لەبەردەم قەڵای دێرینی هەولێر دەکات کە گرنگترین شوێنی شارەکەیە و گەشتیاران بەچڕی سەردانی دەکەن. بەهۆی بوونی خواستی زۆر لەسەر شەربەتەکەی هەژار، ئێستا دوو برای دیکەشی دەستیان بە ئەنجامدانی پیشەکەی باپیریان کردووە.هەژار ئاماژەی بەوەدا کە شەربەتی تەمەرهیندی لە سووریا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێت و گوتی "لەڕاستیدا شەربەتی تەمەرهندی بۆ چەندین نەخۆشی وەک چارەسەر وایە. وەک چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی گەدە، ڕیخۆڵە و گورچیلە بەکاردێت".ئەو پیشەوەرە گەڕۆکە ئاشکرای کرد ڕۆژانە لەم کەشە گەرمەی هەولێردا بەشێوەیەکی تێکڕایی بڕی 15دۆلار پەیدا دەکات و بەمە بژێوی خۆی و خێزان و منداڵەکانی دەستەبەردەکات.هەژار گوتیشی: "ئەگەر دۆخی ژیان ئاسایی ببێتەوە لە سووریا، دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم و درێژە بە پیشەکەم دەدەم. دەمەوێت پیشەی باو و باپیرم لە وڵاتەکەم درێژەپێبدەم".



ئەتەکێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ خزمەتگوزارەکان

ئا/ڕەسول سالح خۆشناو:

چەقەنە لێدان و چەپڵەلێدان بۆ بانگکردنی کارگوزار بەکارمەهێن. بە دەنگی بەرز بانگی کارگوزاری چێشتخانە مەکەن. بە دەنگە دەنگ و لێدانی کەوچک و چەقۆ لە قاپ، هەوڵی بانگکردنی کارگوزار مەدەن. ئەگەر کارگوزار لێتانەوە دوور بوو، دەستتان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشرێت و بێتە لاتان. ئەگەر کارگوزارێکی ترتان لێ نێزیک بوو، داوا لەو بکەن تا کارگوزارێک بێتە لاتان. لە بیر مەکەن سوپاسی کارگوزاران و چێشتلێنەران بکەن هەروەها بەخشیش لە بیر مەکەن.

یادی جاران بەرهەمی 2019 خەسروی ماملێیە

خەسرەوی ماملێ: هیوادارم ڕۆژێک بێ، نەتەوە و هونەرمەندی کورد لە بێکەسی و بێ بەرپرسیارەتی بێتەدەر

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی دەنگ خۆشو ڕەسەن پەروەر خەسرەوی ماملێ دەربارەی دوابەرهەمی خۆی تایبەت بەخەبات گوتی: ئەلبومی (یاری جاران) لە ساڵی 2019 ئەوپەڕی بێ ئیمکاناتی لە باری ژەنیار و جیهازی تۆمارکردن تەنیا بە عیشقی بەندە بە هونەری کوردی وە ئەو پەیامانەی کەبە ماموستای ڕەحمەتی بابم وە خۆشویستی نەتەوەی کورد بۆ ڕێبازی ماملێ پێشکێش کراوە، هیوادارم ڕۆژێک بێ هەم نەتەوەی کوردو هەم هونەرمەندی کورد لە بێکەسی و بێ بەرپرسیارەتی بێتەدەر. منیش ئارەزووم ئەوەبوو بەرهەمی 2019م زۆر دەوڵەمەنتر لەباری مۆسیقاو تۆمارکردن بوایە . بەڵام زۆرم پێ لە بێدەنگی و پاسیو بوون باشترە. هونەرمەندی بێ تێکۆشان هەروەک نەبوون وایە ،جێی ئاماژەیە ئەم ئەلبومە پێک هاتوە لە14 بەرهەم. کە هێمن هەولێری بەئامێری تاری و هەردی یوسفی بەئامێری زەرب بەشدارن.





لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا

هاووڵاتییان ڕوو لە چەم و ڕووبار و مەلەوانگەکان دەکەن

شارۆچکەی خورماڵ لە ناوچەی هەورامان سنووری هەڵەبجە یەکێکە لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی سنوورەکە و بە هۆی هەڵکەوتەی ناوچەکە و بوونی چەندین هاوینەهەوار بەتایبەت هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا و چەم و سەرچاوەی ئاوی سازگارەوە ڕۆژانە لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراقیشەوە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕووی لێدەکەن. لەم وەرزەدا و بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە کە دەگاتە سەروو 40 پلەی سەدی، هاووڵاتییان بۆ دەبازبوون لە بەرزی پلەی گەرمی زیاتر ڕوو لە چەم و ڕووبار و مەلەوانگەکان دەکەن. ئاوی کانی گەنجان لەناو خورماڵ یەکێکە لەو جێگایانەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان بە تایبەت گەنجان و منداڵان ڕووی لێدەکەن و مەلە و شەپە ئاوی تیادا دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

هەولێر پەردە لەسەر پەیکەری مامۆستای شێوەکار (حوسێن عەبدوڵا) لادرا

لە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومی و حزبی و هونەرمەندان و دۆستان و کەسوکاری هونەرمەند، پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەندی شێوەکار مامۆستای خوالێخۆشبوو (حوسێن عەبدوڵا) لادرا.

لەو مەراسیمەدا، سەرەتا وتەی بەخێرهاتن لەلایەن سەرپەرشتیاری مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر پێشکەش کرا و تیشکی خستە سەر ئەرک و بەرپرسیاریی دامەزراوە هونەری و ڕۆشنبیریەکان بەرامبەر بەو مامۆستا پێشەنگانەی تەمەنێکی زۆر لە خزمەت بواری پەروەردەیان بردۆتە سەر، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕۆڵی مامۆستا (حوسێن عەبدوڵا) لە خزمەت بە بواری هونەر لە شاری هەولێر.

دواتر بەڕێز (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر، وتەیەکی پێشکەش کرد و بەگشتی ڕۆڵی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی لە پێشخستنی پرۆسەکەدا بە گشتی و مامۆستای شێوەکار بەتایبەتی بەرز نرخاند و ئەم کارەیشی بە نواندنی وەفایەک بەرامبەر بە خزمەتی ئەو هونەرمەندە و تەواوی هونەرمەندان زانی.

پاشان بەڕێز (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، سەرەتا بیرەوەریەکی کۆنی خۆی لەگەڵ مامۆستا حوسێن عەبدوڵا گێڕایەوە، ئینجا باسی لە پێگە و ڕۆڵ و توانای مامۆستای هونەرمەند کرد و هیواشی خواست، کە هونەرمەندان و ئارەزوومەندانی بواری هونەر سوود لە ئەزموونی ئەو مامۆستا و هونەرمەندە بەتوانایانە وەربگرن.

دوای بەدوای ئەم وتارانە، فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستای شێوەکار بە سکرین نمایش کرا. ئینجا پەردە لەسەر پەیکەرەکە لابرا.